# دیدێکی نوێ بۆیادکردنەوە

## پێشنیار بۆ یادکردنەوەی تاوانەکانی جینۆساید

newaname.com/ku/

له بڵاوكراوه‌كانی سه‌نته‌ری رۆشنبیری جه‌مال عیرفان


**ناوی كتێب : دیدێكی نوێ بۆ یادكردنه‌وه**

**ناوی نوسه‌ر : عومه‌ر محه‌مه‌د**

**بابه‌ت : پرۆژه‌ پێشنیارێك بۆ په‌یره‌ی یادكردنه‌وه‌ی تاوانه‌كانی جینۆساید**

**دیزاین : ئازاد حاجی**

**نۆره‌ی چاپ: چاپی یه‌كه‌م**

**ساڵی چاپ: ٢١٠٤ سلێمانی**

**تیراژ : ١٠٠٠ دانه**

**چاپخانه : كه‌مال**

**نرخ : ٤٥٠٠ دینار**

**له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی كتێبخانه گشتییه‌كان**
**ژماره‌ی سپاردنی (١٢٩٩)ی ساڵی ٢١٠٤ی پێدراوه.**

**سودو سه‌رمایه‌ی ئه‌م بڵاوكراوه‌یه بۆ كه‌سوكاری شه‌هیدانو ئه‌نفالكراوانه**
**له‌سه‌ر ئه‌ركی دكتۆر ته‌ها ره‌سوڵ چاپ كراوه**


hewalname.com/ku

پێشکەشە بە:

- ژیان، ئەو شانۆکارەی لە رۆژگاری ستەمکاریدا منی لە چاوی جەللادانی بەعس شاردەوە، ئازایانە ژیانی خۆی خستە مەترسیەوەو پێناسی خوێندکاریەکەی خۆی پێبەخشم، ئەگەر ئەو پێناسەیە نەبوایە رەنگە ئێستا من لە بری قەڵەمێکی ئەنفال، لە قوربانیەکی دەستی جەلاد یان تەرمێکی ناولمی بیابان و پێناسی ئەنفالکراوێک واوەتر نەبوومایە..

- بەو مرۆڤانەی لەبری تۆڵەسەندنەوە لێبوردەیی بووەتە خەونی هەمیشەییان. بەوانەی هەردەبەخشن و وەرناگرن.

hewalname.com/kur

**شەرمە دەست و پەنجەی ئەنفالکراوانمان**

**لە بیابان تێکەڵ بەلم بن، ئێمەش دەست و**

**پەنجەی یەکتر بشکێنین.**

newalname.com/ku/

# دیدێکــی نوێ بۆیـادکردنـــــەوە

# پێشنیار بۆ یادکردنەوەی تاوانەکانی جینۆساید

عومەر محەمەد

newaname.com/ku/

hewalname.com/ku/

## بەرایی

خوێنەری بەرێز: ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ تۆوی ئومێدی بۆ ڕشتین بەڵام نەمانتوانی سەوزیان بکەین، دەرگای یادکردنەوەی تاوانەکانی جینۆسایدی بۆ کردینەوە، بەڵام نەمانتوانی خۆمانی لەسەر بنیاتبنێینەوە، دەبێ ئەو پرسیارە زۆرسادەیە لەخۆمان بکەین: لەوکاتەوە چۆن یادەکان دەکەینەوە؟ مەراسیم دەگێڕین و پارە خەرج دەکەین، فرمێسک دەڕێژین،!! بەڵام یادەکان نەبوونە مایەی ئەوەی لە ناخەوە ڕامان بچڵەکێنن، هوشیاریمان بدەنێ و کلتورێکی جوانی پێچەوانەی بەعسیزم بهێنینە پێشەوە، هەربۆیەش نەمانتوانیوە پەندو عیبرەتیان لێوەربگرین و خۆمانی لەسەر بنیاتبنێنەوە..؟

ئەم بیرۆکانەی کە ئێستا وەکو پێشنیار بۆ یادکردنەوەی تاوانەکانی جینۆساید لە بەردیدەتن، هەروا لەخۆڕا نەهاتوون، بەڵکو هەموویان لە ئەنجامی بە دواداچوونو کاری مەیدانی (٩) ساڵی تەواوی کەسێکدا پەیدابوون، کە هەندێکیان لەناو ئەو دیدارە ڕۆژنامەوانیانەدا دەبینیتەوە کە لەماوەی ئەو هەشت نۆ ساڵەی دەرچوونیدا لەساڵنامەی (ئەنفالستان)دا بڵاوکراونەتەوەو بەهۆیانەوە تێبینی کاریگەریو دەرهاویشتەکانیم کردووە، هەڵبەت هەرکەسێک سەردانی خانەوادەی قوربانیەکان بکات

یان چیرۆک و بەسەرهاتی ئەوانی خوێندبێتەوە یان لە ڕادیۆو تیڤیەکانەوە بینەرو بیسەری جدیان بووبێ بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێت کە زۆربەی کەسوکاری کیمیاباران‌و ئەنفالکراوەکان جەژن و خۆشی ڕاستەقینە ناکەن، بۆخۆم تیبینی ئەوەم کردووە کە تائەوکاتەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی)یەوە موچەیان بۆ نەبڕابوەوە لە باری ئابورییەوە توانای خەرجی جەژنیان نەبووە و لە باری سایکۆلیژیشەوە ئامادەییان نەبووەو لە دڵەوە جەژنیان نەکردووە، هەتا ئێستاش کە (٢٦) ساڵ بەسەر تاونەکەدا تێپەریووە ناتوانن وەک حاڵەتێکی ئاسایی جەژن بکەن، بەڵکو چەندین نمونە لە بەردەستن کە سەرباری پابەندبوونی تەواویشیان بە ئاینی ئیسلامەوە بەڵام دڵخۆش نین بە هاتنی چەژنەکان زۆربەیان دوای هاوسەرگیری‌و ماڵپێکەوەنانەوەش ئەگەر تواناشیان هەبووبێ گۆشتیان بۆجەژن نەکڕیووەو نەیانویستووە جەژن بکەن، ئەوکاتەشی منداڵەکانیان گەورەبوون‌و هەتا ئێستاش زۆربەیان لەبەر هەستی منداڵەکانیان نەبێ ڕۆژانی جەژن سفرە ناڕازێننەوە.

زیاد لە دایکێک دەناسم هەتا ئێستا یان هەتا ئەو کاتەی لە ژیاندا بووە نەک هەرگۆشتی نەخواردووە بگرە هەموو ژەمە خواردنێکی خۆش و بەتامی لەخۆی حەرامکردووە ئەمەش لەبەر

ئەوەی لە زیندانەکانی دوبزو تۆپزاواو نوگرەسەلمان منداڵەکانیان بەپێشچاوی خۆیانەوە لە برسان مردوون. یان داوای خواردنێکیان کردووەو چنگیان نەکەوتووە[1].

هەمووومان دەزانین کە لە تاوانی کیمیابارانو پەلامارەکانی ئەنفالدا نەک هەر مرۆڤ بەڵکو ئاژەڵو باڵندەیەکی زۆریش بوونە قوربانی، بە هۆی چەکی کیمیاویەوە بە هەزاران ئاژەڵ و مەل و باڵندەی کێوی وماڵی مرداربوونەوەو گیانیان لێ زەوتکرا. بەسەدان هەزار سەر مەرومالات، گاومانگای گوندنشینەکان بەتاڵان بران، کە وایە دەتوانین ئێمەی کورد ئەگەر بۆ تەنها ڕۆژێکیش بێت (هەڵوێستیکی پێچەوانەمان هەبێت) هاوخەمی ڕاستەقینەی قوربانیانی ئەنفالو کیمیابارانو کەسوکاریان بین و بەکردەوە بەرچەکرداری دژی تاوانو کۆمەڵکوژی پیشانبدەین. چی دەبێت ئەگەر بۆ تەنها ڕۆژێکیش بووە لە کوردستان هەموو گیانلەبەرێک ژیانی پارێزراوبێت؟ چ جوانە رێز لەژیان و بونی هەموو زیندەوەرێک بگرین، ئەگەر بۆتەنها ڕۆژێک دژی سەربرین بینو ژیاندۆست بین بەدڵنیاییەوە بی ئەنجام نابێت. وەختی ئەوە هاتووە بڵێین: (نامەردییە دەست و پەنجەی ئازیزانمان لە بیابان تێکەڵ بەلم بن و ئێمەش لەکوردستان دەست و پەنجەی یەکتر بشکێنین)

١. لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا چەند نمونەیەک دەخەینە بەردیدەی خوێنەران.

بۆیە من دوای هەموو ئەو مەینەتیانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکردن هێشتا دەبینم بەکردەوە توندوتیژی لە ئارادایە، ژیانی مرۆڤەکان مسۆگەر نیە و دۆستایەتی ژیان دورەدەست ترە لە مەرگ بۆیە بیرم لەوە دەکردەوە، ڕیگایەکی تر پەروەردەیەکی تر لە دورمەودادا ئەکارو ئەخلاقێکی تر هەڵبژێرین هەر هیچ نەبێت بۆ دوورخستنەوەی منداڵان لە توندوتیژی و تەنانەت فاشیزم و لەبەعسی خستنی یەکجاریی، لەپێناوی ئایندەیەکی جوانترو دامەزراندنی ئەخلاقێکی کوردیانەی سەردەم و نابەعسیانە هەرهیچ نەبێت بتوانین خۆشەویستی و جوانیی ئاژەڵان فیری مرۆڤ بکەین و وێنەی ڕاستەقینە و مافی ژیان بدەین نەک هەر بەمرۆڤ بەڵکو بەو ئاژەڵانەش کە عەلی حەسەن مەجید کوردی پێدەچواندن وەکو سەگ و بزن و کەرو تەنانەت بە چەکی کیمیایی زۆرێک لەو گیاندارانەشیان کوشت.

hewalname.com

## پێشەکی

بۆ خۆشەویستیی ژیان

فازڵ مورادی

لە ئینگلیزیەوە: گۆران باباعەلی

چەند مانگێک بوو لە هەرێمی کوردستان خەریکی لێکۆڵینەوە بووم دەربارەی سەردەمی پاش ئەنفال کە عومەر محەمەدم ناسی. چەند رزگاربوویەک و چالاکوانێک پێیان گوتبووم عومەر لەبواری لێکۆڵینەوە لە ئەنفالدا کەسێکی گرنگە.

پێشئەوەی یەکتر ببینین، کتێبەکەیم دەربارەی هێرشەکانی ئەنفال و نووسینەکانی تریم لە گۆڤاری ئەنفالستاندا خوێندبووەوە. ئەو گۆڤارە چاوپێکەوتنەکانی عومەر لەگەڵ رزگاربووانی ئەنفال و کۆمەڵێک نووسینی تریش لەخۆدەگرێت، لەلایەن کەسانێکەوە نووسراون کە بەجۆرێک لە جۆرەکان خەریکی کارکردنن لەسەر «ژیانی دوای مەرگ». وەک توێژەرەوەیەک لە کردەی لەناوبردن، هەوڵی دۆزینەوەی هەموو ئەوبڵاوکراوە کوردیانەم دەدا کە دەکرا دەربارەی ئەنفال هەبن. گەیشتم بەوەی لە دونیایەک تێبگەم کە جیاوازبوو لەو دونیایەی رزگاربووانی ئەنفالی تیادەژیان. زۆر لەو نووسینانە هێندە سەرلێشێوێنەرن کە جگە لە رووکەشبوونیان، بەتەواوی بارودۆخی ژیاریی رزگاربووان وداوای دادپەروەرییان و بەرپرسیارێتی دەوڵەت دەخەنە دەرەوەی باسەکانیان.

بەهەرحاڵ سەرچاوەی دارایی گۆڤارەکە لەو کەسانەوە دێت کە بە هەستێکی بێوێنەوە دەیخوێننەوە و زۆرێکیان رزگاربووان خۆیانن، هەربۆیەش بەخۆڕاییە. بەداخەوە کە تەنها لە هەندێک کتێبفرۆشی دەسدەکەوێت یان دەبێت لە عومەر خۆی وەربگریت.

ناوی ئەنفالستان لێرەدا گرنگیی خۆی هەیە: بەلای عومەرەوە ئەنفال هیچ پانتاییەکی جوگرافی و هیچ تاکێکی کوردی بێ کاریگەری نەهێشتۆتەوە. هەروەک شاعیر عەبدوڵڵا پەشێو و هەندێک نووسەر و چالاکوانی تر، ئەویش ئەو ناوە وەک هاوواتایەک (موراد‌فێک) بۆ کوردستان بەکاردەهێنێت کە هەر لەکاتی خستنەبەردەم دادگای کەیسی ئەنفالەوە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا، بووەتە بابەتی لێکۆڵینەوەی عومەر.

من تەنانەت پێشئەوەی عومەر خۆی ببینم، بە دونیای بیرکردنەوەی ئاشنابووم. نووسینەکانی و ئەو یادەوەریانەی رزگاربووان دەربارەی ئەو هەیانە، وێنەیەکی لەسەر ئەو پێبەخشیبووم. ئەو بەبەدڵسۆزی وشەوقێکی زۆرەوە گرنگیدەدات بەو دونیایەی رزگاربووانی ئەنفال ژیانی تیا بەسەردەبەن. جگە لەوە، نووسینەکانی بانگەشەیەکیشن بۆ دونیایەکی باشتر لەسەروو ئەوەوە. کردەی نووسین بۆ ئەو شێوەیەکە لە چالاکوانیی کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەربۆیەش ناویان لێناوە عومەری ئەنفالستان. جگەلەم گۆڤارە، عومەر نووسین بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکانی تریش دەنێرێت و وێرکشۆپ بۆ رزگاربووان

ڕێکدەخات (کە دواهەمینیان وەک ڕێزلێنان لە ڕزگاربووانی کۆمەڵکوژیەکەی کورێمێ و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابانی «ڕومادی» ئەنبار بوو). هەروەها لە کۆنفرانسەکانی هەرێمدا بەشداریدەکات و لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا سیمینار پێشکەشدەکات.

ژمارەکەیم پەیداکرد و تەلەفۆنم بۆ کرد تا یەکتر ببینین. هەرچەندە ژمارەکەمی نەناسی، بەڵام وەڵامی دایەوە؛ ئەمەش شتێکی نائاسایی بوو لە کوردستان. ئەوەبوو لەسەرکات و شوێنێک ڕێکەوتین بۆ یەکەمین دیدارمان. داوای لێکردم کە بچم بۆ سیمینارێکی خۆی دەربارەی پرۆسەی یادکردنەوەی ئەنفال لە هەرێم، لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی. ئەوەی سەری هەردووکمانی سوڕماند ئەوەبوو کە نەک هەر خوێندکارەکان تووشی شۆک بوون بە بیستنی چیرۆکەکانی ئەنفال، بەڵکو بەڕێوەبەری پەیمانگاکەش تەنها بەوچیرۆکە ئاشنابوو کە میدیای کوردی دووپاتیدەکاتەوە: «ئەنفال بریتیە لە هەشت هێرشی سەربازی لە شەش ناوچەی کوردستان کە لە نێوان مانگی شوبات و ئەیلولی ساڵی ١٩٩٨ دا، تیایدا ١٨٢٠٠٠ هاوڵاتی کورد لەناوبران.» ئەم تێگەیشتنە بەرتەسکە بەشێکی گەورە لە چیرۆکە گەورەکەش پێکدەهێنێت کە هێرشەکان وەک تاوانێکی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر نەتەوەی کورد دەخاتەڕوو. بەڵام عومەر دەربارەی خەڵکەکە خۆیان قسەی دەکرد؛ دەربارەی ئەو دونیایەی ئەوان

که ئەو راستەوخۆ پێی ئاشنابوو؛ دەربارەی سەفەرەکانی بۆ لایان لەمسەر بۆ ئەوسەری کوردستان، بە قرچەی گەرمای هاوین لە ئۆتۆمۆبێلە کۆنە بێ ئێرکۆندیشنەکەیدا. ئەو پیشانیدا چۆن بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشاندایە بۆ پاکردنەوەی ئەو وێنەیەی لە بۆنە و یادکردنەوەکاندا بە ئەنفال دەبەخشرێت و سەرنجی خەڵکی کوردستان رابکێشێت بۆ بارودۆخی ژیاریی هەزاران رزگاربووی ئەنفال کە لە گۆشەگیریدا ژین بەسەردەبەن. عومەرئەمەی بە دیدو روانگەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیانەوە دەکرد. بەواتایەکی تر گرنگی ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو کە بە چاوێکی رەخنەگرانەوە سەرنجی ژیانی رۆژانەی رزگاربووان بدات، گوێیان لێبگرێت، پرسیاریان لێبکات و بەشداریی ژیانیان بکات. ئەم سەیرکردنە رەخنەگرانەیە بۆ ئەنفال و سەردەمی پاش ئەنفال وایکرد ئێمە جار جار یەکتر ببینین. هەندێکجار لەنیوەشەودا دەهات لەو ئوتێلەی لێی دەمامەوە سەری لێدەدام؛ دادەنیشتین بۆ چەند کاتژمێرێک گفتوگۆمان لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ئەنفال دەکرد. ئەوەی بەتایبەتی جێگای گرنگیپێدانی ئەو بوو، شێوازی یادکردنەوەی ئەنفال و ژیانی رۆژانەی رزگاربووان بوو. بۆ من جەختکردن لەسەر ئەم لایەنانە جێگای سەرنجدان بوو. شێوەی نووسینەوەی جینۆسایدی کورد و شێوازی یادکردنەوەی بۆ ئێمە هەردووکمان، مەسەلەیەکی جەوهەری بوو. ئەو رەوتەی گرتبوومانەبەر، ناچاریدەکردین بە

هەندێک هەڵبژاردن. هەوڵ و کۆششی رزگاربووان و ئەزموونکردنی ئەو ئەشکەنجەیەی دوای هەوڵی جینۆسایدکردنیان هێشتا پێیدا تێدەپەڕن، ئەو ناکۆکیەمان بۆ بەرجەستەدەکات کە لەنێوان تاوانباران و رزگاربوواندا هەیە؛ لەلایەک تاوانباران کە خۆیان بە ناچار نازانن بە رەچاوکردنی ئەو مافانەی لەناویانبردووە و لەلایەکیش رزگاربووان کە هەوڵدەدەن بەلایەنی کەمەوە لەوە تێبگەن رێزگرتن لەو مافانە چ مانایەکی بۆیان دەبێت. هەرچۆنێک بێت، هەندێک لەدەسدان تەنانەت لەسەروو پێناسە یاساییەکەی جینۆسایدەوەیە. لەدەسدانی کەرامەت، حورمەت، ژیانی خێزانی و جێگای کۆمەڵایەتی و کاریگەریەکانی توندوتیژی سێکسی واز لە رزگاربووان ناهێنن، تەنانەت گەر تاوانبارانیش بە لەسێدارەدان یان حوکمی ئەبەدی سزابدرێن. ئەم زیانپێگەیشتن و لەدەسدانانە پێویستی بە مامەڵەیەکی ئینسانیانە هەیە لەکوردستان.

هەرچەندە دەکرێت رێکەوتننامەی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ هەر حاڵەتێکی لەناوبردن یان قڕکردندا لەهەر جێگایەکی دونیا بگونجێنین، بەڵام مەوداکەی زۆر دیاریکراوە. بۆیە لە زۆر دادپەروەری ئینتیقالیدا و لەلایەن زۆرێک لە توێژەرانی بواری جینۆسایدەوە، هەوڵدراوە دەسنیشانی ئەو لایەنانە بکرێت کە پێناسە یاساییەکە لەخۆی نەگرتووە. بۆنموونە بابەتەکانی وەک لەبیرچوونەوە، لێبووردن، ئاشتبوونەوە، دادپەروەریی یاسایی

و ئەخلاقی، یادەوەری، وێناکردنەوە، قەرەبووکردنەوە و ئەو لەدەسدان و زیانپێگەیشتنانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، چوارچێوەی مەرجەعین بۆ زۆر لەو توێژەرانەی لێکۆڵینەوە دەربارەی سەردەمی دوای جینۆساید دەکەن.

سەنیسیا مەحمود جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زیان پێگەیشتن و لەدەسدانەکانی کاتی جینۆساید، بەتایبەتی مەعنەویەکانی «وەک ڕێزوحورمەت و ئابڕوو، بەدەگمەن لەلایەن یاساوە ڕەچاودەکرێن»[1] کۆمیسیۆنی ڕاستی و ئاشتبوونەوە لە ئەفریقای باشوور ئێستا بووەتە مۆدێلێک کە لە دوای جینۆساید و حاڵەتی تری توندڕەوی لە زۆر شوێنی دونیا پیادەدەکرێت. ئەوەی مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە ئەو پیادەکردنانەی یاسا لەپاش جینۆساید و خوێندنەوەی یاسایی کردەوەکانی دەوڵەت، ڕێچکەکانی گوتارێکی گەردوونین لە شوێنێکدا پێکەوە دەردەکەون کە هەرگیز لەوەپێش نەناسراون. کەواتە بۆ من و عومەریش کەوتنە گفتوگۆوە لەگەڵ ڕزگاربوویەکی ئەنفال، خۆی بەشداریکردنێکی ڕاستەخۆیانەی گەردونیە. ئەو گەردونێتیە بوو کە لەکاتی دانیشتنەکانماندا بۆ من مایەی خۆشحاڵی بوو؛ ئیتر وردەوردە دەسمانکردە خوێندنەوەی وریایانەی بەڵگەنامەکانی

1. Mahmood, K. Cynthia. 2000. Trials by Fire: Dynamics of Terror in Punjab and Kashmir. In *Death Squad: The Anthropology of state terror*. Edited by Jeffrey A. Sluka. Philadelphia: University of Pennsylvania Press. pp. 70-90.

ئەنفال و وەرگێڕانیان. هەروەها دەسمانکردە سەفەرکردن بۆ ئەو ناوچانەی بەعس لەسەردەمی ئەنفالدا وەک ناوچە قەدەغەکراوەکان (المناطق المحرمة) دەسنیشانی کردبوون و سەردانی ئەو دێهاتانەی بە لادێ گەمارۆ لەسەرەکان (القرى المحظورة) ناو نرابوون. لە دێیەکە وە بۆ دێیەک و لە چیرۆکێکەوە بۆ چیرۆکێک سەفەرمان دەکرد. نە سەفەرکردن و نە قسەکردنیش ڕێگاپێدراو بوو لەم دێهات و ناوچانەدا لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٩١ دا، ئەو ماوەیەی من وەک مێژووی ئەنفال دەسنیشانی دەکەم. ئیمتیازی سەفەرکردن لەگەڵ عومەر لەوەدابوو کە ئەو لە هەر دێیەک پیا تێپەڕدەبووین، هاوڕێ و ناسیاوی هەبوو. ئەمە چاوپێکەوتن یان گفتوگۆیەکی نافەرمیی لەگەڵ رزگاربووان ئاسانتر کردبوو. لەڕاستیدا، بەبێ عومەر مەحاڵ بوو بە هەندێک کەس لە هەندێک لادێ و شارۆچکە بگەم. زۆر لە رزگاربووان لە سیاسەتی میدیا تێگەیشتوون و ئەزموونی تاڵیان لەگەڵیدا هەیە، بۆیە بەئاسانی چاوپێکەوتن ناکەن و کراوە نین بۆ باسکردنی ئەزموونەکانیان لەسەدەمی ئەنفال و دوای ئەنفالدا.

ئێمە دەزانین کە ئەنفال و دوای ئەنفال دوو دونیای هاوتا نین. هەریەکەیان باس لە سەردەم و جێگایەکی جیاواز دەکات کە لایەنی جیاواز و خەڵکی جیاوازیان لەخۆگرتووە. ئەم جیاوازیانە لە دوو دونیا و دوو مێژووی جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتووە. هەروەک

له دوو فەرمانی لەناوبردندا بەئیمزای عەلی حەسەن مەجیدەوە دەیخوێنینەوە کە ژمارەی ٣٦٥٠ و ٤٠٠٨ یان هەڵگرتووە، لەکاتی ئەنفالدا کوردانی دانیشتووی لادێکان وەک «بەدەر لە ریزی نیشتمانی، خائین، بەکرێگیراوی ئێران، تێکدەر و بڕبڕەی پشتی پێشمەرگە» حسابیان بۆ کرابوو. ئەم فەرمانانە دەستی سەرباز وجاشەکانیان والآکردبوو تا بێ لێپێچینەوە وبێ لێپرسینەوە بکوژن. واتە نکۆڵیی لە مرۆڤبوونی ئەو خەڵکە دیاریکراوە کرابوو، مافە یاسایی و ئەخلاقیەکانیان لێ زەوتکرابوون و کرابوونە نێچیری مەرگ و ترس لە مەرگ. رزگاربووان هێشتا دەسبەرداری ئەم ئەزموونانە نەبوون. لە هەرێمی کوردستانی ئێستادا سەردەمی دوای ئەنفال کورتکراوەتەوە بۆ چارەسەرێکی ئابووریی: ئەو کەسانەی ئەندام یان ئەندامانی پلە یەکی خێزانەکەیان لەدەسداوە «مووچەیەکی» مانگانە وەردەگرن؛ تا سێ ئەندام ۴۵۰ هەزار دینار و بۆ سەروو سێ ئەندام دووهێندەی ئەو پارەیە. ئیتر مەسەلەکانی وەک داخوازیی مافە یاسایی و ئەخلاقیەکان، جیاوازی و نایەکسانی لە شێوازی ژیاندا، مافە نێودەوڵەتیەکانی هەموو رزگاربووان، مافی هەبوونی کارەبا و ئاوی پاک و رێگای قیرتاوکراو و چاکردنەوە و دەسگەیشتن بە چارەسەری پزیشکی و مافی نوێنەرایەتی، هەمووی بەپەراوێزخراون. گەر لە بارودۆخی هەنوکەیی سەردەمی دوای ئەنفال بڕوانین، بەئاشکرا دەبینین ئەوەی دونیاکانی رزگاربووان

hewanamee.com/ku/

لێک جیادەکاتەوە، بەئەندازەیەکی زۆر ئەوەیە کە ئایا سەر بە چ پارتێکی سیاسین. ئەوەی سەردەمی دوای ئەنفال پیشانمان دەدات بەرجەستەکردن و دووپاتکردنەوەی هەندێک لە سیاسەت و کردەوە سیاسیەکانی دەوڵەتی پێشووی بەعسە. هەندێک لە چالاکوان و رزگاربووە پیاوەکان، بەهۆی هەواداریێتی سیاسیانەوە بۆ پارتێک، بوونەتە سەرپشکی یادکردنەوەکان، لەکاتێکدا ئافرەتان کە زەجرکێشانیان لەڕادەی تێگەیشتن بەدەرە، پەراوێزخراون، نادیارن و لە قەراخ شارەکاندا لەو ئۆردوگایانەدا دانراوون کە بە ئەنفالەکان ناسراون. ئەوان لە جێگای دابڕاودا ژیان بەسەردەبەن و مافی نوێنەرایەتی و چوونەناو بواری گشتییان بەتەواوی لێ زەوتکراوە. لەسەروو هەمووشیەوە رووبەڕووی مەترسیی ئەوە دەبنەوە جێگایان لە مێژووی ئەنفالدا لەدەسبدەن. سووربوونیان لەسەر داواکردنی جێگایەک لە گوتاری گشتیی کوردیدا؛ گۆشەنیگایەک کە لە مەکانەتیانەوە وەک ئافرەت دێت، بەشێکی جیاوەنەبووی گەڕانیانە بەدوای دادپەروەری و لەهەمانکاتیشدا ئینسانیەتدا. لە (دیدێکی نوێ) دا عومەر باس لە ئەزموونەکانی لەدەسدان و ئازارچەشتنی نەبات فایەق دەکات کە بەردەوام بەدواوەینی و داوامان لێدەکات هاوسۆزیمان بۆی هەبێت. منیش ئەو هەلەم بۆ رەخسا گفتوگۆیەک لەگەڵ نەبات فایەق بکەم. ئەزموونەکانی دەربارەی وێرانکردنی دێی جەباری کە پێش ئەنفال

لەگەڵ خێزانەکەی لەوێ دەژیا و لەدەسدانی منداڵەکانی لە کەمپی دوبز»دبس«، لەیادەوەریدا وەک کۆتایی دونیا تۆماربووە. تارادەیەک هەموو ئەو ئافرەت و پیاوە رزگاربووانەی من چاوم پێیان کەوت، بەقوڵی نائومێد بوون لەوەی کە بۆیان دەرکەوتووە سەرەڕای ساڵانێکی زۆر لە هەوڵ و رەنجکێشان بۆ مانەوە، رۆحیەتی بەرپرسیارێتی و دادپەروەری نەیتوانیوە لە کوردستانی دوای بەعسدا سەقامگیرببێت.

دەمبینی چۆن عومەر لەناو ئەم گێژاوی پارادۆکسانەدا لە پارادۆکسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوێزێتەوە و بەچاوێکی رەخنەگرانەوە لێیان دەڕوانێت. لەسەروو ئەوانەشەوە دەبوو نووسین و توێژینەوەکانی کە من بە ئەنترۆپۆلۆژیانە ناویاندەبەم، لەگەڵ کارەکەی لە قوژبنێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالدا لە سلێمانی و لەگەڵ ژیانی خێزانییدا رێکبخات. هەموو خێزانەکەی لە نووسین و چالاکیەکانی دەربارەی مەسەلە جیاوازەکانی سەردەمی دوای ئەنفالەوە گلاون. تەنانەت دێرین تاریقی هاوسەریمان بەشدارکرد تا هەندێک لە بەڵگەنامەکان بخوێنێتەوە و بۆمان وەرگێڕیت، چونکە عەرەبیەکەی ئەو زۆر باشتربوو. ئەو گەردونێتیەی عومەرسەروکاری لەگەڵ هەیە، ئاماژە بەتواناکانی ئەو کەسانە دەکات کە داوای رەهایان بۆ دادپەروەری، لەکاتێکدا تەحەدای سنوورە جوگرافی و کۆمەڵایەتی

و دامەزراوەییەکان دەکات، بانگەشەی ڕێکخستنەوەیەکی سەرتاسەریی هەموو سیستمی کۆمەڵایەتی و کولتووری و یاسایی و سیاسیش دەکات لە کوردستان. لە ئەنفالستاندا کە ئەمساڵ ژمارە یازدەی دەردەچێت، عومەر بۆ ڕزگاربووانی ئەنفال دەنووسێت تا لەو ڕێگایەوە بۆ مرۆڤایەتی بنووسێت. هەرچەندە سێ کتێبی دەربارەی هێرشەکانی ئەنفال بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەو زیاتر بەو گۆڤارە ناسراوە. دواهەمین کتێبی بەناونیشانی هاشم، دەربارەی ئەزموونەکانی ڕزگاربوویەکی کوشتاری بەکۆمەڵی گوندی کورێمێ یە لەبادینان. کورێمێ تائێستاش وەک دونیایەکی بەجێهێڵراو ماوەتەوە. «هاشم»یش وەک ڕزگاربووەکانی تر لەلایەن دەوڵەتی بەعسەوە ڕووبەڕووی مەرگ بۆتەوە و لەلایەن حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان و ئەو دەوڵەتەشەوە کە پێیدەڵێن دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، پشتگوێ خراوە. عومەر بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش داهێنەرانە و مرۆڤدۆستانە مامەڵە لەگەڵ کردە جینۆسایدیەکان دەکات. بەڵام هەروا لە بۆشاییەکدا نیە. بەبێ پشتگیری و دڵسۆزیی ڕزگاربووان و چالاکوانانی تر کە وەک ئەو ڕێگای خزمەتکردنیان بە کەیسی ئەنفال گرتۆتەبەر، نەیدەتوانی ئەو کارانە بکات کە بە ئەنجامی گەیاندوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی لە عومەردا سەرنجم دا، ئاڵوگۆڕ و مامەڵە ئینسانیەکەی بوو لەگەڵ ڕزگاربوواندا، بەتایبەتی ئەو هەوڵە بەردەوامەی بۆ

تێگەیشتن لەوەی چۆن ئەوان مانا بە دونیاکەی دەوروبەریان دەبەخشن. ئەو پەیوەستیە دڵسۆزانەیەی وایکردووە عومەر زیاتر هەست بە لێپرسراوێتی، هەم سیاسی و هەم ئەخلاقی، بکات. لە دیدێکی نوێدا دەنووسێت کە پارتە سیاسیەکانی کوردستان زیاتر بە بەرژەوەندیە سیاسیە لەبن نەهاتووەکانیانەوە پەیوەستن. ئەو دەڵێت کە کۆمەڵگای کوردی بێباکە بەرامبەر ئەزموونە پڕ ئازاراویەکانی رزگاربووان دوای ساڵی ١٩٩١. دەڵێت کە لۆجیکی خێڵەکیانەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان مەسەلەی جینۆسایدی کۆنترۆڵکردووە و کردوێتیە ئەداتێک. مێژووی هاوچەرخی سیاسەتی کوردی هێشتا پارچەپارچەیە و ئەوەی لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیەکاندا دەخوێنرێت بەشێکە لەو سیستمە سیاسیە بەشبەشکراوە. تێگەیشتنی عومەر لە شێوەی کارکردنی پارتە سیاسیە کوردیەکان، جێگای سەرنجە. پارتە دەسەڵاتدارەکان هەمان سیاسەتە ئیحتیوائیەکانی بەعس بەکاردێنن بۆ بەدەسهێنانی دەنگ؛ چەک بە «سەرۆک عەشایەرە» جیاوازەکان دەدەن و ئەوانیش دابەشیدەکەن بەسەر پیاوەکانیاندا. ئەم هەنگاوە سیاسیە نەک هەر دەبێتە هۆی دووبارە دامەزراندنەوەی عەشیرەتگەری و بەهۆیەوەش تێنەگەیشتن لە مافی هاوڵاتیبوون، بەڵکو هەرچی زیاتر توندوتیژی بەناو ژیانی رۆژانەی خەڵکی ئاساییدا بڵاودەکاتەوە. لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە

hewalname.com/ku/

به نووسینه‌کانی فرانس فانون بکه‌ین ده‌رباره‌ی کۆلۆنیالیزم له ئه‌فریقا. ئه‌و ده‌ڵێت که «درزتێبوون له هۆشیاریی نه‌ته‌وه‌یی ئه‌وه رووندەکاته‌وه که چه‌ند ئاسانه بۆ وڵاتانی تازه سه‌ربه‌خۆبوو له نه‌ته‌وه‌وه بگه‌ڕێنه‌وه بۆ گرووپی ئێتنی و له ده‌وڵه‌تیشه‌وه بۆ خێڵ. ئه‌م به‌ره‌ودوا گه‌ڕانه‌وه‌یه‌ش زیانێکی یه‌کجار گه‌وره به گه‌شه‌ی نه‌ته‌وه و یه‌کێتی نه‌ته‌وه‌یی ده‌گه‌یه‌نێت.»[٢]

هه‌رچه‌نده کات گۆڕاوه و کوردستان بووه‌ته بازاڕێکی ره‌های ئازاد بۆ زۆر له کۆمپانیا جیهانیه‌کان، پارتی سیاسی نوێ پێگه‌یشتوون و په‌یامی سیاسی خۆیان له‌ژێر ناوی دیمۆکراسی و گه‌شه‌دا ده‌سه‌پێنن. له‌ڕاستیدا، هاوڵاتیتی که داهێنانێکی سیاسیی مۆدێرنه، له کوردستان جێگای بۆ ئه‌ندامێتی پارته سیاسیه‌کان چۆڵکردووه. به‌واتایه‌کی تر، گرنگ نیه تۆ کوردیت یان نا، ئه‌وه‌ی گرنگه ئه‌وه‌یه سه‌ر به‌چ پارتێکی سیاسیت. ئه‌م سیاسه‌ته‌ش گه‌یشتۆته ئاستێک که خۆی خزاندۆته ناو هه‌موو دامه‌زراوه سیاسی و کۆمه‌لایه‌تیه‌کانه‌وه و بگره ناو هه‌موو خێزانێکیشه‌وه له‌م هه‌رێمه‌دا. عومه‌ر سه‌رنجی ئه‌وه‌ی داوه که زانکۆکان له ته‌حه‌دانه‌کردنی ئه‌مه‌دا چه‌نده رۆڵێکی وێرانکه‌ریان هه‌یه و چۆن چوونه‌ته خزمه‌تی پارته سیاسیه جیاوازه‌کانه‌وه. له‌جیاتی گه‌شه‌دان به توانا مرۆییه‌کانی قوتابیان و هاندانی رۆحیه‌تی داهێنان و بیرکردنه‌وه‌ی

2. Fanon, Frantz. 2004. *The wretched of the earth*. New York: Grove Press. p.97

رەخنەگەرایانە، زانکۆکان بوونەتە گۆڕەپان و ناوچەی بەسیاسی بوو. هاوڵاتیبوونی بەعسیانەش مانایەکی تایبەتیی هەبوو: کردنی هەموو عێراقیەک بە ئەندامی حزبی بەعس. رەنگە مەسخەرە ئامێز و لەسەرەتادا بێمانا بێتە پێشچاو گەر بۆ لێکچوون و خاڵی یەکتربڕ بگەڕێین لە نێوان دەوڵەتی بەعس و شێوەکانی حوکمڕانیی ئێستادا لە کوردستان. بێگومان رێگای تر هەیە بۆ تێڕوانین لەوەی لە هەرێمدا هاتۆتەکایەوە، هەروەک چۆن عومەر لە دیدێکی نوێدا دەیکات. بەرەی کوردستانی لەساڵی ١٩٩١ دا خەونی بە کوردستانێکی ئازادەوە دەبینی، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٤ دا بەدیدێکی ترەوە لە نەتەوەی کورد دەڕوانێت و بەخێرایی بەرەوە ئاساییکردنەوەیەکی ستراتیژیانەی عەشایەرگەری و دابەشکردنی دیمۆگرافی و جوگرافیی هەرێمەکە هەنگاودەنێت. بەواتایەکی تر، کاتێک مەبەستی سەرەکی بەرەی کوردستانی بەدەسهێنانەوەی خاک و ناوچە کوردیەکان بوو بۆ دابینکردنی ئەمنیەت و یەکێتی نیشتمانی و گەرەنتیکردنی دوڵەتێکی کوردی لە ئاییندەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگەشەی دونیایەک دەکات کە پێکهاتووە لە پارتی سیاسی جیاواز و هەرێمێکی دابەشبوو بەسەر رووبار و شارۆچکە و ناوچەی دەسنیشانکراودا بە رەنگە جیاوازەکان. کەواتە بە چ رێگایەک ژنان و منداڵان و پیاوانێک کە رۆژێک لەڕۆژان تێرۆردەکران، دەتوانن

hewanane.com/ku/

ببنە ڕێنوما بۆ ئەم سەدە جیهانگەرایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

لەبەرەوڕووبوونەوەدا لەگەڵ ئەم دونیایەدا کە هیچ ئاییندەیەکی لەپێش نیە، دەتوانین بپرسین: ئایا ئەم بانگەشەیەی عومەر بۆ ئاییندەیەک کە توندوتیژیی تێپەڕکردبێت، چ هیوایەکی بۆ کورد پێیە؟ ئەم کتێبە لە کایەی تەنها بیرکردنەوە و قسەکردنەوە کە لە هەرێم باڵادەستە، دەمانگوێزێتەوە بۆ کایەی هەستکردن و هاوسۆزی و هاوخەمی و کردەوە. لەجەوهەردا بانگەشەیەکە بۆ خۆشوویستنی ژیان و ئاشتبوونەوە و نەمانی توندوتیژی و ژیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاشتیانە لەم هەرێمەدا. پەیامی
سەرەکی کتێبەکە کە هۆی ناوازەبوون و دیاریکەری ئاراستەکەشێتی، بریتیە لە ڕێزگرتن لەو ژیانانەی لە ئەنفال و دوای ئەنفالدا لەناوچوون. ئەوەی لێرەدا مەبەستە هەر ژیانی مرۆڤ نیە، بەڵکو ژیانی ئاژەڵانیش. بەبۆچوونی من دیدێکی نوێ ڕێگامان دەدات لەسەروو کۆنتێکستە دژە بەعسیانە و دژە براکوژیەکەیەوە[3] دوورتر بڕوانین، بەرەو ڕەخنەگرتن لە شێوەبەخشین بە ژیانی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هاوچەرخ لە کوردستان. ڕەخنە و پێشنیارەکانی عومەر ڕەنگدانەوەی جۆرێکی ترن

---

٣. لەڕاستیدا پێویستیەک هەیە بە لێکۆڵینەوە لەم تێگەیشتنە بەرتەسکەی شەڕی براکوژی کە زەجرکێشانی هەزاران ژن و منداڵ بەدەست لەدەسدانی کەسەکانیانەوە و زیانمەندبوونیان لەخۆ ناگرێت. دەبێت بەو زمانە نێرانەیەدا بچینەوە کە لە وشەی براکوژیدا ڕەنگیداوەتەوە.

له وێناکردنەوەی جێنۆسایدی کوردی کە لەکاتی دادگایی ئەنفالەوە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٧ برەوی وەرگرتووە. ئەوەی ئەم جۆرە وێناکردنەوەیە دەیخاتەڕوو، زەرووڕەتی بەخشینی وێنەیەکی ترە بە ئەنفال کە لەگەڵ ئیستیعارەکانی پارتە سیاسیەکان و میدیای باودا یەکناگرێتەوە. لەکاتێکدا میدیای هەواڵسازی توانایەکی بەهێزی هەیە لە پێکهێنانی زانینی بەکۆمەڵ (مەعریفەی دەستەجەمعی) دەربارەی ئەنفال،نووسینی وەک دیدێکی نوێش جێگای خۆی هەیە لە بەرهەمهێنان و هێشتنەوەی مێژووی زەجرکێشانی مرۆڤەکان بۆ خوێنەری کورد.

دەربارەی کاریگەریی کتێب، یەکێک لە گەورە مێژوونووسان هۆوارد زین دەپرسێت: «ئایا [کتێب] دەتوانێت یارمەتیی گۆڕینی دونیا بدات؟» ئەمجار بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «دەتوانیت سەردەمانێک بدۆزیتەوە کە تیایدا نووسین سەریهەڵدا و هۆشیاریی خەڵک زیادیکرد و سیاسەتەکان گۆڕان، هەندێکجار دوای تێپەڕینی چەند دەهەیەک.»[٤] بێگومان نووسین هەر ئاڵوگۆڕکردنی زانین (مەعریفە) و ئەزموون نیە. فەیلەسوف جاک دێریدا دەنووسێت: «نووسین بەرهەمهێنانی ئاماژەیەکە کە جۆرێک لە ئامێر دێنێتەکایەوە کە ئەویش بۆخۆی بەرهەمهێنەرە.»[٥]

4. Zinn, Howard. 2009. "Speaking truth to power with books." In *Anthropology off the shelf: Anthropologists on writing*, edited by Alisse Waterston and Maria D. Vesperi. Malden and Oxford: Blackwell Publishing.

5. Derrida, Jacques. 1988. *Limited Inc*. Evanston, IL: Northwestern

بەواتایەکی تر، نووسین وەک ئاماژە قابیلی «دووپاتبوونەوە»یە و بەوشێوەیەش مەیلی ئەوەی هەیە بەناو کات و شوێندا درێژببێتەوە و دەتوانرێت لە نائامادەیی رەهای نووسەردا تەفسیربکرێت و دووبارە تەفسیربکرێتەوە. کەواتە ناکرێت دیدێکی نوێش کورتبکرێتەوە بۆ تەنها یەک تەفسیر یان بۆ نیەت و مەبەستی عومەر خۆی. گەر بەشێوەیەکی تر بیلێین، ئەم کتێبە یان ئەم نووسینە نابێت وەک موڵکی هیچ کەسێک سەیربکرێت یان وەک ئەوەی بۆ سەردەمێکی تایبەت لەمێژوودا نووسرابێت. دوای عومەر و نەوەی عومەریش هەر دەمێنێت و دەخوێنرێتەوە و خوێندنەوەی تری بۆ دەکرێت. بێگومان ئەوە هیوای عومەریشە کە نەوەکانی ئاییندەش ئەم کتێبە بخوێننەوە.

ئەم کتێبە بانگەشەیە بۆ ئاییندەیەک کە هێشتا دەبێت بێت. لەهەمان کاتیشدا وروژاندنی کۆمەڵێک پرسیار و هەوڵدانە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی ئەخلاقی و سیاسی و تەحەدای ئەو نائەخلاقیەتە بەئاساییکراوە دەکات کە لە هەموو کایە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا باڵادەستە. عومەر دەپرسێت: «ئایا مەبەست لە یادکردنەوەی ئەنفال چیە؟ چۆن دەمانەوێت ئەنفال بە دونیای دەرەوە پیشانبدەین؟ چۆن دەتوانین لە کەسانی تر داوابکەین سەرنجی پێشێلکردنی مافەکانی کورد بدەن، گەر خۆمان رێز لە مافی مرۆڤ نەگرین؟»

---

University Press. p. 8.

لە کوردستان بەکارهێنانی توندوتیژی بەدامودەزگا بووە و بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی کە ریشەی لە ژیانی رۆژانەدا داکوتاوە. دیدێکی نوێ هەوڵی خوێندنەوەی کەشی پڕ لە توندوتیژیی ئێستای کوردستان لەبەر روناکی یادکردنەوەکانی ئەنفالدا دەدات. هەوڵدەدات توندوتیژی و ستەمکاریەکانی بەعس بیری خەڵکی کورد بهێنێتەوە و تیشکیش بخاتەسەر میراتیەکانی شەڕی (براکوژی) و داوا لە هەموو کوردێک بکات بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ. ئەمجار پێشنیاری ئەوە دەکات یادکردنەوەکانی ئەنفال بکرێنە رۆژانی بێ توندوتیژی؛ رۆژانێک بۆ بەخشین و خۆشەویستی و ئاشتبوونەوە. عومەر لەوباوەڕەدایە کە دەبوو جینۆساید کوردی فێری رێزگرتن لە ژیان بکردایە و دەپرسێت: «چی روودەدات گەر ژیانی هەموو زیندەوەرێک لە کوردستان بپارێزین، گەر تەنها بۆ یەک رۆژیش بێت؟» داوا لە هەر کوردێکی خاوەن هەستی بەرپرسیارێتی دەکات قەسابخانە و گۆشتفرۆشی و رێستۆرانتەکان دابخەن و لەسەروو هەمووشیەوە دەست لە کوشتنی هەر جۆرێکی ئاژەڵ لەسەرانسەری کوردستاندا هەڵبگرن، بەتایبەتی لە هەردوو رۆژی ١٦ ی مارت و ١٤ی نیسانی هەموو ساڵێکدا. ئەو وێنەیەکی فۆتۆگرافیی چۆلەکەیەکی مردوو بەهۆی بۆمبارانی کیمیاویەوە وەک «بەڵگە» دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی کە ئەنفال لەواقعیەتدا هێرشێکی سیستەماتیک بووە دژی ژیان بەگشتی. شاعیر و توێژەرەوە چۆمان هەردی وەک هەر کەسێکی تر کە کار بۆ تێگەیشتن و ئیدانەکردنی توندووتیژیە بەمەبەستەکانی

دەوڵەتی پێشووی عێراق دەکەن، ئەو شتانەی لەیادنەکردووە کە ڕزگاربووان پێیان گوتووە. ئەو لە شیعرێکیدا دەنووسێت:

ئەنفال هات!
بەچکە چۆلەکەکان
لە هەوڵی فێربوونی
یەکەم باڵەفڕەیان کەوتن.
مەڕەکان بە خواردنەوەی
ئەو ئاوەی متمانەیان پێی بوو مردن.
ئەشکەوتەکان بە گاز خەفەبوون.
خانووەکان داڕمان.

وەک چۆن تابلۆی گۆرنیکای پابلۆ پیکاسۆ هەر تەنها پەرچەکردارێک نییە بەڕووی بۆمبارانکردنی شاری گۆرنیکادا بەڵکو بەڕووی هەموو توندووتیژیەکدا، دەکرێت لە دیدێکی نوێ یان ئەم هۆنراوەیەی چۆمان هەردیشدا بخوێنرێتەوە کە چۆن بەپێداگریەوە تەحەدای پێناسەی بەدیهیانەی مرۆڤ دەکەن. کێ مرۆڤە؟ «قسەکردن، عەقڵ، ئەزموونی مەرگ، پرسەگرتن، کولتوور، دامودەزگا، تەکنیک، جلوبەرگ، درۆکردن، ڕواڵەتی ڕواڵەت، داپۆشینی جێگاپێ، دیاری، پێکەنین، فرمێسک، ڕێز، هتد...» ئەمانە بەگشتی وەک پێناسەیەکی پەسەندی مرۆڤ دەناسرێنەوە. دێریدا پێماندەڵێت «بەدەسەڵاتترین ترادسیۆنی فەلسەفی کە تیایدا دەژیین، هەموو ئەوانەی لە ‹ئاژەڵ› سەندۆتەوە.»[6] پێناسەی

6. *Derrida, Jacques, and Marie-Louise Mallet. 2008. The animal that therefore I am. New York: Fordham University Press.*

مرۆڤ لەهەمان کاتیشدا پێناسەی «ئاژەڵ» دەکات، بەشێوەیەک کە لەجەوهەردا نێگەتیڤە و لە هەموو ئەو شتانەی بۆ مرۆڤ بە «پەسەند» دادەنرێن، بێبەشی دەکات. لەگەڵئەوەشدا، زۆر وڵات یاسا و بڕیاری تایبەتییان هەیە بۆ پاراستن و باشترکردنی بارودۆخی ژیاریی ئاژەڵان. جاڕنامەی گەردونیی مافەکانی ئاژەڵ کە ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن کۆمکاری نێودەوڵەتی مافی ئاژەڵانەوە بڵاوکراوەتەوە، بەشێکە لە شیکاریەکەی دێریدا. ئەو دەڵێت لە دونیای ئەمڕۆدا هەندێک زیندەوەر لەژێر هەڕەشەی قڕکردندان و ئەمەش بە کردەی جێنۆساید بەراووردەدەکات. کردەی جێنۆساید کە لەلایەن مرۆڤەوە دژی مرۆڤ و سرووشت و ئاژەڵ ئەنجامدەدرێت، بەقوڵی تەحەدای ئەو پێناسە پەسەندکراوەی مرۆڤ دەکات.

فەرمانەکانی لەناوبردن بەئیمزای عەلی حەسەن مەجید بەئاشکرا کوشتنی هەر «کەس و ئاژەڵێک» لە ناوچە ڕێلێگیراوەکان دەکەنە ئامانجی ڕەها. فەرمانەکانو بەکارهێنانی سورەتی الانفال هێزە سەربازیەکان و جاشیان لەوە دڵنیادەکردەوە کە دەوڵەتی عێراق و خواشیان لەپشتە. کەواتە مافێکی بێوێنەیان هەبوو بەسەر ژیانی خەڵکی لادێکان و ئاژەڵ و ماڵ و موڵک و لادێکانیانەوە. لەپاڵ ئەوەشدا، دەوڵەتی عێراقی لە گەرمەی ژیانی ڕۆژانەدا مرۆڤ و ئاژەڵانی ماڵی و کێوی بەو بۆمبە مۆدێرنە کیمیاویانە لەناوبرد کە لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی ئەڵمانیای

خۆرئاواییەوە بۆی دەستەبەرکرابوون. عومەر داوامان لێدەکات لەڕێگەی بایکۆتکردنی خواردنی سێو «لە تەنها یەک ڕۆژدا» بەگژ بەکارهێنانی چەکی کیمیاویدا بچینەوە، چونکە ئەو تێکەڵەیە لە گازی خەردەل و ئەعساب کە لەسەردەمی ئەنفالدا بەکاردەهات، بۆنی سێوی گەنیوی لێدەهات.

بەکارهێنانی چەکە تەقلیدی و کیمیاییەکان لەدژی خەڵکی لادێکان، ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی دەبەخشێتە ئەنفال. زیاتر لە سی دەوڵەت تەکنۆلۆژیا و کەلوپەلی سەربازیی مۆدێرنیان خستبووە بەردەست دەوڵەتی بەعسیی عێراقی. دەبێت لەبنچینەوە بەو ئارگومێنتەدا بچینەوە کە دەڵێت هەموو دونیا لە ئەنفال بێدەنگ بوو، چونکە من لە لێکۆڵینەوەکانی خۆمدا بۆمدەرکەوتووە بەشێکی زۆری دەوڵەتانی دونیا بەئەنقەست بەشدارییان لە ئەنفالدا کردووە. کردەکانی جێنۆساید دژی کورد تەنها کردە نین کە بەهێزترینی دەوڵەتان ئیدیعای بێئاگایی لێدەکەن. دەوڵەتانی مۆدێرن دەرەنجامی چەندان کردەی جێنۆسایدی و توندوتیژیی لەڕادەبەدەرن. کردە جێنۆسایدیەکانی ئەوروپیەکان لە ئەفریقا و ئەمریکا بەڵگەی مێژوویی بەهێزن بۆ ئەمە. سەدەی بیستەم بە کردە جێنۆسایدیەکانی ئەڵمانیا دژی خەڵکی هێرێرۆ و ناماکوا لە نامیبیا دەستیپێکرد. جێنۆسایدی ئەرمەنیەکان، هۆڵەکۆست، جێنۆسایدەکانی ڕۆواندا و بۆسنە بەئاگاداریی تەواوی بەهێزترین

دەوڵەتەکانی دونیا روویاندا.[٧] هەرچۆنێک بێت، ئامانجی سەرەکیی کردە جینۆسایدیەکان مرۆڤ و هەندێک زیندەوەری دیاریکراون. لەم کۆنتێکستەدایە دەتوانین لەو گریمانە و پرسیارانە وردبینەوە کە دیدێکی نوێ دەیانوروژێنێت. ئەو پرسیارانە بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کوردن لە لێپرسراوێتی مرۆڤایەتیانە و ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر ژیانکردن و ژیان بەشێوەیەکی گشتی. ئەمەش پێویستی بە ویست و خەوشێکی بنچینەیی هەیە کە بەو هیوایەی بتوانێت تەنانەت بەردی بناغەی ژیانی کۆمەڵاتیەتیش لە کوردستان بگۆڕێت. هەروەک لەم وتەیەدا ئاشکرادەبێت: «تەنها هاوڵاتیەک کە ماف و ئازادیەکانی مسۆگەرکرابێت، دەتوانێت رێز لە قوربانیانی جینۆساید بگرێت.» ئەم گریمانەیە لەلایەن عومەرەوە گرنگیەکی زۆری پێدراوە کە پێی وایە جۆرێکی نوێ لە مرۆڤی کورد پێویستە بۆ ئاییندەیەکی خاڵی لە توندوتیژی و دێوانەگی. لەڕاستیدا ئەو سەرلێشێواویەی کوردستانی گرتۆتەوە وسیستمە سیاسیەکەی، گەواهی ئاییندەیەک دەدەن کە ناتوانێت ئەوە مسۆگەربکات شێوازی تری توندوتیژیی توندڕەوانە سەرهەڵنەداتەوە. دەبێت عومەر لە خواستیدا بۆ دونیایەکی نوێ بەوریاییەوە ئەوەشی لەبەرچاوبێت کە چۆن هەرێمی کوردستان

7. *Gellately, Robert, and Ben Kiernan. 2003. The specter of genocide: Mass murder in historical perspective. New York: Cambridge University Press.*

بەسەربازی دەکرێت و بەرپرسانی باڵای لایەنە سیاسیەکان هێزی چەکداری تایبەت بەخۆیان هەیە. ئەو هیوایەی عومەر کە لە دیدێکی نوێدا نەخشێنراوە، ئەوەیە کە خۆشەویستی بۆ ژیانی هەموو ژیاندارەکان کورد فێربکات مێژووی توندوتیژیی خۆیان تێپەڕێنن. نووسینەکانی خەڵاتکراوی نۆبڵی ئەدەب کێنزابورۆ ئۆیی یارمەتیمان دەدات هەست بەو هیوایەی عومەر بکەین. ئۆیی دەنووسێت: «هۆی سەرەکیی ئەوەی متمانەم بە مرۆڤ هەیە ئەوەیە کە دەزانم منداڵان درککردنێکی سەربەخۆیانەیان بۆ هاوسەنگی هەیە، توانایەک بۆ خۆگونجاندن، یان گەر بەشێوەیەکی تر بیڵێین، هێزی خەیاڵ کە لەڕێگایەوە لە [...] سەرلێشێوان هەڵدێن.»[8]

فازڵ مورادی
تویژەرەوە لە ئینستیتوی ماکس پلانک
بۆ ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە شاری هاله لە ئەڵمانیا.
٢١ ی شوباتی ٢٠١٤

8. *Ōe, Kenzaburō. 1999. On politics and literature: Two lectures. Berkeley, California: Hunza Graphics, p. 30.*

## پێشەکی نووسەر

سەدەی ڕابوردوبەدیاری کراوی سەرەتای ساڵی(١٩٨٠) تا کۆتایی ئەودەیە تاوانی جینۆساید زیاد لە جارێک دژ بەگەلی کوردستان ئەنجامدراوە، ئەو پرۆسەی کورد کوژیە پیکەوە گرێدانی مەرگی نەتەوەیەک بوو لە دەڤەری بادینانەوە بۆ دەڤەری گەرمیان، خەڵکی بەجۆرێک کەوتنە بەر پەلاماری سوپا کەمەرگی دەستەجەمعی نەتەوەیەک ئامانجی بوو، بەبێ ئەوەی نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەجیهانی (ئیسلامی عەرەبی) بەئەرکی خۆیان هەستن، بێئەوەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان کە بۆ قەدەغەکردنی ئەو تاوانانە هەبوون، بەفریای کورد بکەون و رێگە لە ملهوریەکانی دەوڵەتی عێراقو حزبی بەعس بگرن. ئەو جینۆسایدانەش لەکاتێکدابوون کە زیاد لە پەیماننامەیەک بۆ پاراستنی مافی مرۆڤو قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدو قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو لە ئارادابوون! لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابوردووە لەبەر رۆشنایی ئەو پەیماننامانەدا بوایە دەبوو کورد نەکەوتایە بەر ئەو پەلامارانە و واژۆکارانی ئەو پەیماننامانەو دەوڵەتە ئەندامەکانیان زوو پێشیان بە دەوڵەتی عێراق بگرتایەو قەرەبووی هەموو ئەو زیانانەی وەربگرتایەتەوە کە لە سۆنگەی وەها تاوانێکەوە لێی کەوتوون، بەلای کەمەوە هەرنەتەوەیەک ئەو تاوانانە لە دژی ئەنجامدرابێت،

مافی (حصانە) پارێزبەندیەکی نیونەتەوەیی هەبوو، کەچی جگە لە بڕیاری ٦٨٨ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەویش لە ساڵی (١٩٩١) لە دوای ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی کوردەکانی باشور دەرچوو نە ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتیو نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ هەڵوێستێکی پۆزەتیف و پراکتیکیان نەبوو..!!

لە ناوخۆی وڵاتیش نەحکومەتی پێشوی عێراقو نە ئەم حکومەتەی ئێستا شەرمیان لەوتاوانە گەورانە نەکردووەو بیریشیان لە قەرەبووکردنەوەودوبارەکردنەوەی نەکردووەتەوە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەخەمساردی و بێباکیەوە مامەڵەیان لە تەک خودی تاوانەکەو قوربانیەکانیدا کردووە، تاوانەکەیان وەک خۆی نەناسیوەو وەک پێویست ڕێزو شکۆ بۆ قوربانیەکانی نەگەڕاوەتەوە، بەداخەوە لە میانەی (٢٠) ساڵی دەسەڵاتیدا نەک هەر نەیتوانی تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفالو کیمیاباران وەکو کارتێکی بەهێز بۆئایندەی ئەم هەرێمەو دۆزی کورد لە هاوکێشەی ڕوداو ئاڵوگۆڕەکانی جیهانو ناوچەکە بەکاربهێنێ، تەنانەت لە ناوخۆی هەرێمیشدا نەیتوانی بیخاتەوە خزمەتی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەی کوردستان و گیانی شەهیدەکان وکەسوکاریان ئاسودە بکات.!! بەداخەوە دەسەڵاتی لۆکاڵی کوردستان نەخۆی کردی نەگوێی لە کەسیش

گرت، ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە لە تواناد‌ا بوو ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ لەپاڵ دەستەکەوتەکانیدا هەندێک داب‌ونەریتی نوێشی لەگەڵ خۆیدا بهێنابایە. هەرهیچ نەکرایە بەلای کەمەوە دەکرا بەعسیزم بکرێتە شەرمێکی گەورە، دەکرا خوێندنەوەمان بۆ دڵڕەقیو توندڕەفتاری دیکیاتۆریەتی رژێمی پێشوو زیاتر هاندەربونایە بۆ ئەوەی پشت بە مەعریفەو پەیڕەوێکی عەقڵانی دور لە بەعسیزم و ڕەفتارە دزێوەکانی ببەستین، کە بەرهەمهێنەرەوەی هاوڵاتی تەندروست و خاوەن ئینتما بێ، بەتایبەتیش لە دوای تاوانە جینۆسایدیەکان (کۆمەڵکوژی کوردانی فەیلی، کۆمەڵکوژی بارزانیەکان، دواتریش (کیمیابارانی هەڵەبجەو گوندەکانی کوردستانو کۆمەڵکوژی ئەنفال) ئەم تاوانانە دەبوایە چ لەسەر ئاستی ناوخۆو چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پەندی زۆریان لێوەرگیرابا.

ئەفسوس ئەو کەمە کارانەش کە کراون نە توانراوە وەکو پێویست کەڵکیان لێوەربگیرێت، هەر لە سزادانی " فرانس ڤان ئانرات " بازرگانە هۆلندیەکەوە کە مادەی کیمیاوی بە عێراق فرۆشتبوو هەتا بە سزادانی تاوانبارانی ئەنفالوداواکردنی دەیان کەسی تری تۆمەتبار دەگات.

لە باری سیاسیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیەوە دەبوو لە دوای ئەو تاوانانەوە کە هێشتا پێنج ساڵی بەسەردا تێنەپەریبوو، ڕاپەڕینی ئازاری سالی ١٩٩١و دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە دواداهات دەبوو کوردانی باشور تەنها وەکو وەفادارییەک بۆ شەهیدانو ئەوهەموو خەڵکەی شەهیدبوونو کۆمەڵکوژکران ئەم هەرێمەیان بکردایەتە قەڵای متمانە بەیکتریو بەرگری لە مافی کوردو مافی مرۆڤ، دەبوو ژیاندۆستی تیایدا ببوایەتە خاڵی بەرچاوی دنیای دەرەوەو ناوەوە بێگومان ئەوەمان لە توانادا بوو، بەداخەوە کورد ئەوەندەی چاوەڕوانی فریادڕەس بوو ئەوەندە پشتی بە خۆی نەبەست..!

دەشێت شکست دەرهاویشتەی پۆزەتیفیشی لێبکەوێتەوە ئەمەش کاتێک دەبێت کە قوربانی دان بەڕاستیی شکستی خۆی دادەنێ و بە تێپەڕینی کات هێمن دەبێتەوە و ئینجا هەوڵی هەستانەوە دەدات. بێگومان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کورد مافی ئەوەی هەیە وەک نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو شکۆی بۆبگەرێتەوە، هەڵبەتە ئەوەش هەروا لە خۆڕا نابێت بەڵکو پێویستی بەخەبات وتێکۆشانێکی زۆر هەیە، بۆ ئەوەی لە دەرگای ناوەندە نیودەوڵەتیەکان بدات و پەیامی نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو بە گوێی دنیادا بدات.

لەسەر ئاستی ناوخۆش بەتایبەتی ئێستا کە دۆسیێکانی (ئەنفال، هەڵەبجە، بارزانیەکان، کوردانی فەیلی) بەجینۆساید یەکلایی کراونەتەوەو بە یاساو لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ساغ بونەوە دەبوایە دەوڵەتی عێراق بە ئەرکی یاسایی‌و سیاسی‌و ئەخلاقی خۆی پابەندبێ و بەفەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان بکات، بێگومان ئەمەش دیسانەوە پێویستی بە جەختکردنەوە و بەکارهێنانی کارتی فشار هەیە تاکو دەوڵەتی عێراق ئەم ئەرکە ئەنجامبدات، گەلی کوردیش نەک بە هیچ پاساوێک بیری لە شەڕی ناوخۆ و یەکتری کوشتن نەکردایەتەوە. بەڵکو ڕێزی لە هەموو زیندەوەرێک بگرتایە.

ئەفســـوس هێشتا هێزە سیاسیەکانی کورد بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیونەوە کێبەرکێ و ململانێیان ناتەدروست و دڵڕەقانەیەو ئامادەن لە پێناوی بەرژەوەندی حزبی خۆیاندا سوکایەتی بەهەموو ئەنرژی هاوڵاتیان‌و قوربانیەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی بکەن. ئێستاش لە دوای ٢٥ ساڵی تاوانی گازباران و کۆمەڵکوژی شاری هەڵەبجەو تاوانی ئەنفال و (٢٩) ساڵی تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانیەکان و (٣٢) ساڵی تاوانی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی فەیلیەکان جگە لە یادکردنەوەیەکی رۆتین‌و بێگیان و بە هەدەردانی سامانی گشتی خاوەنی هیچ خەیاڵ‌و پڕۆژەیەک نین بۆ بنیاتنانەوە، لە کاتێکدا لە ئێستادا ئێمە وەکو کورد پێویستمان بە پەیامی سیاسی

و کۆمەڵایەتی گشتگیر هەیە، کە هەم گوزارشت لە هەستی بەرزی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیمان بکاتو هەم ڕێزگرتنێکی بەکردەوەش بێت لە ژیانی زیندوان و قوربانیەکانی جینۆساید، چونکە کورد سەرباری گەورەیی ئەو تاوانانەی دەرهەقی کراون خاوەنی دونیابیینیەکی دورمەودا نیە بۆ دوبارە نەبوونەوەی تاوانی جینۆساید، هەتا ببێتە مایەی شەرمەزاریش بۆ هەر جۆرە تاوانێک کە لە ڕابوردودا ئەنجامدراوە یان لە داهاتوودا ئەنجام دەدرێت.

خوێنەری بەڕێز من وەک سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان کە تایبەتە بە دۆکۆمینتکردن و هۆشیاری لەسەر تاوانەکان و بەرەنگاربوونەوەی کاریگەریەکانی تاوانی ئەنفالو جینۆساید، ئەم پڕۆژەیە دەخەمە بەردیدەت بۆ ئەوەی وەکو ئەرکێکی ئینسانیو نەتەوەیی بەکردەوە بچینە پای جێبەجێکردنی، مەبەستیش تەنها ڕێزگرتنە لە قوربانیەکانی تاوانی جینۆساید، ڕێزگرتن لە هەموو زیندەوەرێک هەر لە کوشتنی باڵندەیەکەوە کە بەچەکی کیمیاوی کوژراوە هەتا بەکوشتنی مرۆڤەکان دەگات، بۆ ڕێزگرتن لەو مەڕوماڵاتەی کە بە تاڵان بران ئەو ئاژەڵو گیاندارانەی کە تەنها بە هۆی بوونیان لە کوردستان کوژرانو بوونە قوربانی.

لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی (١٩٩١)ەوە دەبینین کۆی کۆمەڵگەی کوردی و دەسەڵاتی سیاسی "بێ باکە" بەرامبەر بە تراژیدیای کوردو کاریگەرییەکانی تاوانی جینۆساید بەگشتی،

هۆکاری سەرەکی ئەم بێباکی و کەمتەرخەمییەش دەگەڕێتەوە بۆ لۆژیکی خێڵەکیانەی حزبی سیاسی کوردستانی، دۆسێی جینۆسایدیش وەکو زۆربەی پرسە گرنگەکانیتر دراوەتە دەست بەرپرس و کادرانی حیزبە سیاسیەکان وئەوەشی بە نێوی حکومەتەوە دەکرێت جگە لە دەمامک کردن شتێکی ترنییە.

ئەفسوس هەزارانجار ئەفسوس یادی ئەنفال و گازبارانکردن بۆ کۆی کۆمەڵگەی کوردی بەزانکۆکانیشیەوە هێندەی بووەتە مایەی هەوڵیک بۆ گەشت و پشوو یان خۆدزینەوە لە کار هێندە ڕۆژانێک نین بۆ پابەندی ئەخلاقی و ڕێزگرتنی ویژدانی و پابەندی بە گیانی بە قوربانیەکانیەوە. بەهیوام ئەم کتێبە بتوانێ هەنگاوێک لە یادکردنەوەی ڕاستەقینەو پابەندی ویژدانی و ئەخلاقی بمانباتە پێشەوە.

وەختی ئەوە هاتووە ئیتر داب‌ونەریتێک بهێنیینە مەیدان‌و پرۆژەی هەستانەوەو بنیاتنانەوە بۆ ئایندە بخەینە دەستوری کارمانەوە، بەلای کەمەوە لە هەنگاوی یەکەمدا بۆ هەر یادێک ڕۆژێک بۆ (ژیاندۆستی) قایلبین‌وئەمەش بکەینە نەریتێکی کۆمەڵایەتی و بەهۆی ئەو یادانەوە ڕێزگرتن لە مرۆڤ و بەهای ژیان و خۆشەویستی ببنە بەشێک لە ڕەفتارمان و ڕێزگرتنی ڕاستەقینە لە قوربانیانی تاوانی جینۆساید ببێتە هەنگاوی پراکتیکی.

هەتا ئەمڕۆ چیمان کردووە؟ چیمان بەدەستهێنانەوە؟ بە شێوەیەکی تریش مافی خۆمانە بپرسین چیمان لە دەستداوە؟ ئەی ئێستا دەمانەوێت چی بکەین؟ چۆن یادی قوربانیانی ئەو تاوانە گەورانە بکەینەوە و چی بەجیهانی دەرەوە بڵێین؟ ئایا مەبەستمانە چی بەدەستبهێنین؟ کام ئاکارمان ڕێزگرتنە لە قوربانیان و کامەش دەچێتە خانەی سوکایەتی پێیان ؟ ئەگەر خۆمان پێشیلکاری مافی مرۆڤ بین؟ چۆن دەروانینە ئەو تاوانانەی دەرهەقمان کراون و چۆن ئەوانەی جینۆسایدن بە جیهانیان بناسێنین؟ ئیتر لێرە بەدواوە دەچمە سەر پێشنیارو ڕواسپاردەکان بە هیوام تۆش وەک تاکێک پەیرەویان بکەیت یان بە سەرنج و پێشنیارەکانت رەخنەگرو بنیاتنەری دیدێکی نوێ بیت بۆ شیوازی یادکردنەوەی قوربانی تاوانەکانی جینۆساید.

## یادەوەری و خەوش و نەنگیەکانمان

## یەکەم : دوروویی

لە دوای تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەوە وەک نەمانتوانی هەنگاوی گەورە بنێین دەمانتوانی لانی کەمی ڕاستگۆیی بنوێنین، نەک قسەمان بە جۆرێک و ڕەفتاریش بەپێچەوانەوەبێت، ئەفسوس ئەم خالانەی خوارەوە هێشتا عەیبیکی گەورەی ئێمەن کە دەشیاو گران نەبوو لەدوای ئەنفال لێیان دوربین:

١. هێشتا لەگەڵ یەکتر توندڕەفتارین

٢. کەمتەرخەم و خەمساردین.

٣. خاوەنی خەرمانێک بەڵێنی جێبەجێنەکراوین.

٤. تاوانباران و تۆمەتبارانی ئەنفال، کە هیچ حصانەیەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی نایانگرێتەوە لە کوردستان بە بەرچاوی کەسوکاری ئەنفالکراوان و یاساو ئازادیخوازانەوە دەسورێنەوە و لە هەمووان بێمنەتن، خراپتریش لەوە پۆست و پلەوپایەیان هەیە.

٥. بێئەوەی بتوانن هاتنیان قەدەغە بکەن، لەسەر دیوار و لافتە و تابلۆی سەر مەزارەکانی شەهیدان هەردوو مەزاری شەهیدان و هەڵەبجەو قوربانیانی ئەنفال) وەک نمونە کە لەسەر تابلۆکیانیان نوسراوە هاتن بۆبەعسیەکان قەدەغەیە !! بەڵام ئایا ئەوە ڕاستە؟ بەعسیەکان و بەکرێگیراوانی بەعس کە لە ئەنفالدا رۆڵی بەرچاویان هەبووە نایەنە سەر ئەومەزارانە ؟ ئایا ئەمە بێریزیکردن نیە بە قسەو بەڵێن؟ بێریزیکردن نیە بەو شەهیدانەی لەومەزرانەدا ڕاکشاون و بە خاک سپێردراون؟

## دووهەم : زمانی هەژارو دەستەواژەی نەشیاو.

بە داخەوە هەتا ئێستا ڕاگەیاندنکاران و نوسەران‌و چالاکوانی کورد بە زمانێکی نەشیاو نەگونجاو دەربارەی تاوانەکەو قوربانیەکانی گوزارشت دەکەن، بۆ ئەوەی بە زمانێکی شایستە لە ئاستێکی بڵند تردا قسە دەربارەی تاوانی جینۆسایدو قوربانیەکانی بکەین ئەرکی سەرشانمانە زمانمان لە هەندێک دەستەواژەو ووشەی نەشیاو پاکبکەینەوە.


پێیوستە جەخت بکەینەوەوە و خۆمان ڕابهێنین کە هەمان ئەو چمەک و دەستەواژانە بەکار نەهێنینەوە کە لە قەوارەی تاوانەکە کەم دەکەنەوە و دەبنە مایەی سوکایەتی بۆ قوربانیەکان بە دیاریکراوی خۆمان لەم دەربرینانە بە دور بگرین:

١. **کارەساتی ئەنفال:** ووشەی کارەسات لە بری تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بەکار نەهێنرێ، چونکە لە تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال و کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و شوێنانی تردا تاوان ڕویداوە، بۆیە کارەسات واتایەکی ناتەواو دەبەخشێتە تاوانەکە، چونکە کارەسات دەشێت بە هۆی روداوێکی سروشتیشەوە ببێت.

لەوە گرنگتر ئەوەیە کە بزانین گازباران و ئەنفال و کۆی تاوانە جینۆسایدیەکانی تر تاوانی ئاسایی نین بەڵکو کۆمەڵکوژی "جینۆسایدن" تاوانی ئەنفال و گازبارانی هەڵەبجە بکەریان هەیە، جەلادو قوربانیان هەیە، هەموو کارەساتێک قوربانی هەیە، بەڵام مەرج نیە هەموو کارەساتێک کۆمەڵکوژیی بخاتەوە و جەلادی

هەبێ. رونتر بلێین: ئەو زەمین لەرزەیەی لە شاری (وان)ی باکوری کوردستان ڕویداو کۆمەڵکوژی و زیانی ماڵی زۆری خستەوە یاخود ئەو تسیونامیەی لە وڵاتی (ژاپۆن) ڕویدا هەردوکیان کارەسات بوون، بەڵام ئایا کێ لە سەر ئەو کارەساتە سروشتیانە دادگایی دەکرێن ؟ هەڵبەت قوربانیەکانی دیارن بۆیە پرسیاری لۆژیکی ئەوەیە کێن جەلادەکانی ؟ بە کورتی هەموو تاوانێک کارەساتی لێدەکەوێتەوە بەڵام مەرج نیە هەموو کارەساتێک تاوان بێت.

بەهیوام لەم هێلکاریەی خوارەوەدا جیاوازیەکان باشتر بکەونە روو.






**٢. پاشماوەی ئەنفال:** هەمووومان دەزانین ووشەی پاشماوە کراوەتە پاشکۆی قوربانیانی تاوانی ئەنفال بەڵام هەقە لخۆمان بپرسین ئایا ئەوە ڕەوایە؟ لەکاتییێکدا دەزانین بەتەنیشت ووشەی پاشماوەوە وشەی پاشەرۆش بەکاردەهێنرێت، بەڵام سەیرە لە خۆمان نەپرسین چۆن دەبێت ئەم دەربڕینە کەرامەتشکێنە ئەم زمانە هەژارە بکرێتە پاشگری مرۆڤانێک کە زۆرترین قوربانیان داوە ! ئەفسوس هەتا ئەمڕۆش زۆربەی دادوەرو پاریزەرو روناکبیرو ڕۆژنامەنوسانی کورد بە بەجێماوانی ئەنفالو قوربانیەکانی تاوانی جینۆساید دەڵێن (پاشماوەی ئەنفال و پاشماوەی کیمیاباران) !

بە هیوام لەداهاتوودا بایکۆتکردنی ئەم زمانە نزم و هەژارە کەرامەت شکێنە بکەین و کۆتایی پێبێت.

گۆترەکاری و قسە فرێدانی بێ بەڵگە دەربارەی ژمارەی قوربانیانی تاوانەکان، لێرەدا دوو زانیاری گرنگ هەیە پێویستە بیزانین:

**یـەکەم:** ژمارەی قوربانی لە تاوانی جینۆسایددا نابێتە پێوەرو بەڵگە بۆ ئەوەی بزانرێت تاوانەکە جینۆسایدە یان تاوانێکی ئاساییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە بزانرێت نیازو ئەنجامەکەی چی بووە.

**دووهـەم:** لە تاوانی جینۆسایددا تێپەرینی کات نابێتە هۆی داخستنی دۆسێ تاوانەکە، بۆنمونە ئەگەر کوشتنێکی بە ئەنقەست ماوەی ٢٥ ساڵ کاتی پێویست بێت بۆ ئەوەی مافی ساکالاکار پارێزراوبێت واتا دوای تێپەرینی ماوەی (٢٥)

ساڵ دۆسێکەی دادەخرێ و سکاڵاکار ناتوانێ سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام لە تاوانی جینۆسایددا کات کراوەیە بۆ سکالاکار.

# پێشنیارەکان

## ناتوندوتیژی

ئەگەر کۆکبین لەسەر ئەوەی ئەنفال گەورە ترین هەڕەشەو بێحورمەتی بووبێ بەمرۆڤ بوونی کورد، ئەوا پێویستە کورد لە بەرامبەردا هەتا ئەوپەڕی مرۆڤدۆست و میهرەبان بێ لەگەڵ یەکتر و دەوروبەرو هەموو زیندەوەران.



باشترین ڕێزگرتن لە قوربانیانی تاوانی جینۆساید ڕێزگرتنە لە ماف‌و ئازادی زیندووەکان، ئاوەدانکردنەوەی کوردستان‌و پاڕاستنی مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە پێشەوەی ئەرکەکانماندایە، پابەندی ئەخلاقی‌و سیاسی ئەرکی هەمووومانە کە یادەوەریەکان لە ڕۆتین دوربخەینەوەو ڕێزگرتن لە قوربانیان بکەینە کردەوە، پێویستە خودی یادەوەریەکان ببنە دەروازەیەک بۆ ئاشتی‌و لێبوردەیی‌و پاڕاستنی کەرامەتی هاولاتی، چونکە تەنها هاولاّتیەکی ڕێزلێگیراو

دەتوانێ ڕێز لە قوربانیانی تاوانی جینۆساید بگرێت.

ئێمەش وەکو گروپێکی جینۆسایدکراو (کورد) دەتوانین ببینە خاوەنی داهێنان لەو بوارەداو پەرچە کردارێکی ئاشتیخوازانەو کاردانەوەی ئەخلاقی بەرزمان هەبێت دژ بە جینۆسایدکردنی گەلی کورد. لە ڕۆژانی ٣/١٦ و ٤/١٤ کە یادەوەری دوو تاوانی گەورەن لە مێژووی نزیکی مرۆڤایەتیدا لە دژی گەلی کوردستان، کە تیایدا دەیان هەزار مرۆڤو هەزاران مەلو باڵندەو ئاژەڵ تیایدا بەکۆمەڵکوژران، مرۆڤ و ئاژەڵ پێکەوە لە چیاکانەوە برانە بازارەکانو فرۆشران ! بۆ ئەوەی یادەوەری ئەو تاوانەو بە زیندویی بهێڵینەوە ئەرکی سارشانمانە بیربکەینەوە، بۆئەوەی لە سۆنگەی بیرکردنەوەیەکی تەندروستەوە بچینەوە سەر ڕێگاکانی ژیاندۆستی لە بری توندڕەفتاری ناتوندوتیژبین، بۆ ئەوەی ئەو یادەوەریانە نەقۆزرێنەوە بۆ جۆرێک لە دەمارگیریو سەرکوێربوون، تۆڵە ستێنێکی عەقڵانی و ئازابین باشتروایە بەرەو ڕێگاکانی ئازادیو خۆشەویستیو ئاشتی جیهانی پێهەڵهێنین دەکرێت هەر ئەو یادانە بکەینەوە چەکی بەرەنگاربوونەوەی نەیارانی کورد، بەڵام بەریگای مەددەنیو خەباتێک کە بتوانین بە هۆیەوە هەم ڕێزگرتن بێت لە خودی قوربانیەکانو هەم ڕاکێشانی سەرنجی دنیاش بێت، بۆنمونە: هەموو تاکێکی کورد لە توانایدا هەیەکە وەک پابەند بوونێکی ئەخلاقی هەردوو ڕۆژەکە بە پێچەوانەی ڕۆژانی ئاسایی بەرێبکات، واتە (ڕۆژی ١٦ی ئازار بۆ کیمیابارانی هەڵەبجە) و

(١٤ی نیسان ڕۆژی ئەنفال) لە کوردستان لەلای خۆیەوە وەکو دوو ڕۆژی نا ئاسایی ببینێ، پێموانیە ئەوە کارێکی هێندە گران و لە توانا بەدەر بێت، بۆ ئەوەی ئەو یادەوەریانە بکەینە دەستپێکی نا توندوتیژی، ڕۆژانی گەردن ئازاییو خۆشەویستی، دەسەڵاتی سیاسیو دادوەر دەتوانێ هەر لێبوردنێکی گشتی بخاتە یەکێک لە یادەوەری ئەنفال یان کیمیابارانی ناوچەیەک یان دۆسێی یەکێک لەو تاوانانە.

حزبە سیاسیەکان ئەگەر بخوازن و لە خەمی پێشکەوتن و گەشە سەندنی خۆیان کۆمەڵگای کوردستاندا بن دەتوانن هەر ڕێککەوتنێکی نێوانیان، کە ئاشتی لێبکەویتەوە بیخەنە ئەو یادانەوە. بە پێچەوانەشەوە لە گەرمەی شەڕو ناکۆکیشدا هەموولایەک پابەندبن پێیەوە واتا لە کاتی شەڕیشدا دەتوانن هەستن بەوە ستاندنی هەر هێرشو پەلامارێک بۆسەر یەکتری لە و ڕۆژانەدا یاساغ بکەن، هەر جۆرە توندوتیژییەک یاساغ بکەن، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش دڵئێشاوەکان لە یەکتری نزیکبکەونەوەو ئاشتببنەوە، شەڕکردنو ڕاوکردن و هەموو دیاردەیەکی دزێو ڕابگیرێت، واتە ببێتە ئەو ڕۆژانەی کە مرۆڤ بە هەستیاری تیایدا بجوڵێتەوە و بۆ هەر کارێکی نەخوازراو زیاتر هەست بە شەرم بکات تیایدا (هەروەکو چۆن زۆربەی مەی خۆرەکان لە مانگی ڕەمەزاندا خۆیان لەمەی خۆری بەدور دەگرن) بۆ ئەوەی بتوانین بە هەموو لایەکمان ئەوەندە پێیەوە پابەندبین تەنانەت شەڕانگیزەکانیش لە یادەوەری ئەنفالو هەڵەبجەدا یان

له یادەوەری کۆمەڵکوژی بارزانیەکاندا شەرم لە توندڕەفتاری و شەرانگیزی بکەن. ئەو کەسانەی دڵیان لە یەکتری ئێشاوە ڕێزگرتن لە قوربانیەکانی ئەو دوو تاوانە بکەنە دەرفەت بۆ ئاشتبوونەوە. بەم پێیە دەتوانین لە کۆی ڕۆژەکانی تریشدا ئەم ڕەفتارانە پێرەو بکەین تا وردەوردە ڕێزگرتن لە قوربانی بە کردەوە دەچێتە ئاستێکی زۆر بەرزو ناتوندوتیژی دەبێتە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی. بێگومان ئەمەش هەم دەستکەوتی کۆمەلایەتیەو هەم ڕێزگرتنی ڕاستەقینەشە لە قوربانی.

# ڕۆژێک بۆ سەرنەبڕین

## نەخواردنی گۆشتی هیچ زیندەوەرێک

زۆر جار روبەروی ئەو پرسیارە دەبینەوە سەرنەبڕینی ئاژەڵ و پەلەوەر چ پەیوەندییەکی بە ئەنفال و یادەوەری قوربانیەکانیەوە هەیە، هەڵبەت پرسیارەکە رەوایەو وەڵامەکەشی بە بەڵێ و نەخێر نادرێتەوە بەڵکو پێویستی بە لێوردبوونەوەی زیاتر هەیە، واتا پرسیار لێکراو ناتوانێ بە وەڵامی حازر بەدەست خاوەن پرسیار قایل بکات، بەڵکو دەبێت بۆخۆشی دوای تێڕامانێکی قوڵ وەڵامبداتەوە، ئەگەر کۆمەڵگای کوردستان ببێتە خاوەنی وەها نەریتێک، نابێت سیناریۆ سازبکات و خۆی بۆ دنیا نمایش بکات، بەڵکو دەبێت بەکردەوە لە توندو تیژی دوردەکەوێتەوەو ژیاندۆستی بەکردەوە بێت زیاتر باوەش بە ژیان و واتاکانیدا دەکات.

ئەگەر مرۆڤ بۆ یەکجار چێژ لە ناتوندوتیژی وەربگرێ هەرگیز دەستبەرداری ئەو چێژوەرگرتنە نابێت بە دڵنیاییی هەوڵدەدات مەوداکانی چێژ لە ژیان فراوانتر بکات و چێژی زیاتر لە ئینساندۆستی خۆی وەربگرێ، وەک ولێم رایش دەڵێت مرۆڤ یەک چرکە تامی ئازادی بچێژێت بۆ هەتاهەتایە دەستبەرداری نابێت. ئەگەر لە سەرەتاوە تەنها ڕۆژێک چێژ لە ناتوندو تیژی وەربگرێت، ئەواهەوڵدەدات ڕۆژانی تریش لەو چێژوەرگرتنە بەهرەمەندبێت و بەرەبەرە ڕەفتاری خۆی لە توند رەفتارەوە بگۆرێت بۆمیانرەو.

وەک دەزانین کە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا ڕۆژانی جەژنی قوربان دەبێتە ساتەوەختێکی تەواو خوێناوی لە کوشتاری ئاژەڵ و سەربرین، زۆرترین ئاژەڵ تیایدا سەر دەبڕدرێن. هەڵبەتە ئەم بیرۆکەو پڕۆژەیە نابێت دژایەتی بێت بۆ ئەو بۆنەیەو قوربانی کردن بەڵام دیدیوتێڕاوانینێکی تەواو پێچەوانەیە، دژنیە، بەڵکو پابەندییەکی ترە وەک یادکردنەوەیەک بۆجێخستنی لە زەین‌وئاکاری نەوەی داهاتوودا.

لە ساڵی (١٩٨٨)دا دوو قۆناغی تاوانی ئەنفال کەوتە مانگی ڕەمەزان و جەژنی قوربانەوە چ لە و مانگەداو چ لە وجەژنانەدا دەیان هەزار خەڵکی هەژارو بێچەک بەژن‌و منداڵ و گەنج و پیرەوە نەک هەر فریای جەژن نەکەوتن، بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر ترسناک خرانە هەلومەرجێکی گران و ناجێگیرو دژوارەوە.

منداڵان لە برسان دەمردن، پیرەکان لە تینوان خنکان، ژنانی سکپڕ لە زیندانەکان و تەنانەت لەناو سیارەو ئیڤای سەربازی لەگواستنەوەدا منداڵەکانیان لێدەبووەوە.

لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزانی ساڵی (١٩٨٨) دا خەڵکی هەردوو گوندی (گۆپتەپە و عەسکەر) لە ناحێی ئاغجەلەر و قەلا سێوکە لە بری شیرینی بەربانگ ژەهریان دەرخوارد دراو فریای بەربانگیش نەکەوتن. بەرواری ٣ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨

حەڤدەهەمین رۆژی مانگی ڕەمەزان بوو کە فرۆکەوانەکانی بەعس گازی ژەهراویان بۆ بەردانەوە. ڕۆژی دواتریش خەڵکی ناوچەکە بە گشتی کەوتنە بەر پەلاماری دلڕەقانەی سوپا و گیران و ئەنفالکران، خرانە هەلومەرجێکی ترسناک و مەینەتبارەوە و نیوەی رۆژەکانی مانگی رەمەزان و جەژنیشیان لە زیندانەکانی تۆپزاواو نوگرە سەلمان بەسەر برد.

خەڵکی گوندی (وەرێ) لە ناحیێ بێتواتە لە ئێوارەی (عارفە) دا خراپتریان بەسەردا هات، لە بەرواری ١٧ی ئایاری ساڵی (١٩٨٨) بەچەکی کیمیایی لێدران و فریای جەژنو گەردن ئازایی لە یەکتریش نەکەوتن. ئەوەی لەگوندی وەرێ رویدا وەک خەڵکی گوند دەیگێڕنەوە رۆژی حەشر بووە، خەڵکێکی بێوەیی و هەژار بەوپەڕی سادەیی وساکاریی خۆیانەوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ جەژن ژنان لەسەر کانی منداڵانیان دەشۆرد و خۆیان بۆ سبەی رۆژی پیرۆز ئامادەدەکرد، لەوکاتەدا فرۆکە جەنگیەکانی حکومەتی عێراق چونە ئاسمانی گوندەکەو بەچەکی کیمیاوی بۆمبارانی کردن و بە هۆیەوە (٣٦) کەسیان گیانیان لە دەستداو ئیتر جەژن لەناوچەکە نەکراو خەڵکی دەوربەریش جەژنیان نەکردوو خەریکی ناشتن و شاردنەوەی تەرمی شەهیدەکانیان بوون. پابەندی بەم یادەوەرییانەوە ئەرکی هەموومانە کە نەک هەر مرۆڤ بەڵکو بە هەزاران باڵندەو پەلەوەر و ئاژەڵی کێوی و ماڵی

بەچەکی کیمیایی لە کوردستان کوژران و مردار بوونەوە.

دەیان هەزار گوندنشین بەژن و منداڵ و پیرەوە لە ناوچەکانی ئەنفالی یەک و دوو سێی و چوار لە دۆڵی جافایەتی و قەرەداغ و گەرمیان‌و ناوچەی قەڵاسێوکەو شوان‌و شێخ بزێنی لە کەمپی تۆپزاوا سوکایەتیان پێدەکراو برسی دەکران‌و پەلامار دەدران‌و پۆلێندەکران. بە دەستوبردێکی زۆرەوە گەنجەکانیان دەبردن بۆ بیابان‌و لەوێ دەخرانە بەر لولەی تفەنگی دەستەی چەکدارو بەکۆمەڵ دەکوژران‌و بە شۆفڵ ژێرخۆڵ دەدران.

ئەوانەی ڕەوانەی نوگرەسەلمان کران شەش مانگ، ژیانیان لە برسێتیدا بەسەر برد، خواردنی ڕۆژانەیان تەنها سێ سەمونی ڕەق‌و ئاوی سوێرو تاڵی بیابان بو، زۆر لە پیرەکان و منداڵەکان بەرگەی ئەو هەلومەرجە سەختەیان نەگرت‌و لەوێ لە برسان مردن.

پابەندبوونی تاکی کورد بە یادکردنەوەی قوربانیانی ئەو تاوانانە هاوسۆزی بێت بۆ قوربانیەکانی بەکورتی و کوردی دەمەوێت بلێم: چ دەبێ ئەگەر هەموومان وەک ئەوان ڕۆژێک برسیی بین ؟ هەرهیچ نەبێت هاوسۆز بین چەندە کارێکی جوان دەبێت ئەگەر خۆمان لەو شێوازی یادەوەریانە بە دوربگرین کە ئێستا بۆ کۆمەڵکوژی ئەنفال‌و کیمیابارانی هەڵەبجە بەرێوە دەچن. لەوەش گرنگتر ئەوەیە ناوی تایبەت‌و سەرنج ڕاکێشیان بۆ بدۆزرێتەوەویادکردنەوەکان بۆ نمونە هەر ڕۆژەیان ناوێکی تریان

بخرێتە پاڵ وەک ڕۆژی (ژیانەوە، بنیاتنانەوە، ڕۆژێک بۆسەرنەبرین. هتد) ئەمە وەکو پەرچەکردارێکی مەعنەوی دێتە پێشچاوان‌و لە واقعیشدا بێبەرهەم نابێت، لە ڕوی پراکتیکیشەوە ڕێزگرتن لە سروشت و لە دارو درەخت‌و زیندەوەران، نەک هەر لە هەڵەبجەو گەرمیان بەڵکو لەسەر تاسەری کوردستانی گەورە.

سەربرینی پەلەوەر و ئاژەڵان، بەبێ ئەوەی بەیاسا قەدەغە بکرێت، لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە ببێتە داب و نەریتێک تاکی کوردی پابەند بکات پێییەوە، واتە ئەوەندە پابەندی ببێت لەو ڕۆژەدا سەربرینی هەر زیندەوەرێک ببێتە شەرم‌و شورەیی، بۆ نمونە لە ڕۆژی یادی تاوانی ئەنفالدا گۆشت خواردن لە چێشتخانە و ماڵەکانیشماندا نەک بە یاسا بەڵکو وەکو پابەندیەکی ئەخلاقی لە خۆمان قەدەغە بکەین‌و هەوڵبدەین وەکو داب ونەریتێکی کۆمەڵایەتی بیچەسپێنین.

چەندە گرنگە لە یادی کۆمەڵکوژی ئەنفال‌و هەڵەبجەدا هیچ ئاژەڵ‌و پەلەوەرێک ئەگەر تەنها بۆیەک ڕۆژیش بێت ئازار نەدرێن‌و سەرنەبڕدرێن؟ واتا (قەسابخانەکان، چێشتخانەکان، مریشک فرۆشەکان) پابەند بن بەم پەیامە کۆمەڵایەتیەوەو لەو ڕۆژەدا هیچ سەرنەبڕن تەنانەت گۆشت نەفرۆشن. هەتا ئەمە دەبێتە دیاردەو نەریتێک بۆ ڕێزلێنان‌و یادکردنەوەیەکی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و سەرئەنجام لەو یادانەدا نەک هەر سەربرین بەڵکو

فرۆشتنیشی دەبێتە عەیبێکی گەورەی کۆمەڵایەتی ئەمەش دەبێتە بەر پەرچدانەوەیەکی بە کردەوەی مەدەنی لە دژی کۆمەڵکوژی کوردان.

## سزای قورستر بۆ تاوانبار:

چەندە گەورەییە بۆ میللەتێکی وەکو کورد کە جینۆسایدکراوە هێندە پابەندبێت بەو یادەوەرییانەوە تەنانەت لەسەر یاسای وڵات رەنگبداتەوە، ڕونتر بڵێین کە لەو ڕۆژانەدا کوردستان هیچ خوێنێکی تێدا نەڕژێت. !! هەر تاوانێکی خوێن ڕشتنی مرۆڤ تەنانەت ئەگەر برینداربونێکی سوکیش بێت، سەرباری سزا یاساییەکەی دوو هێندەی بڕگە یاساییەکان بێت کە لەیاسای وڵاتدا هاتووەو ئەمەش بۆ ئەوەی ببێتە کەلتوری کۆمەڵایەتی و هەنگاوێک بێت بۆ کۆتایی هێنان بە کوشتن و تیرۆری سیاسی.

واتا هەرکوشتنێکی بەئەنقسەت یان هەوڵدان بۆ کوشتن سەرباری ئەو سزایەی یاسا بەسەریدا دەسەپێنێ لە ئەنجامدانی تاوانێکدا، دووساڵ سزای زیندانیکردنی (رێزنەگرتن) لە یادی قوربانیانی جینۆسایدیشی بخرێتە سەرو ئەمەش بەیاسا رێکبخرێت.

## ڕێپێوان :

ڕۆیشتن بۆسەر مەزاری قوربانیان لە سەنتەری شارەکانەوە یان لە دورییەکی دیاریکراوەوە بە (پیادە) بێت و لە ڕۆژانی یادەوەریەکاندا تەراتێنی ئۆتۆمبیل بۆ سەرمەزارەکان یاساغ بێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ڕۆیشتن بۆ سەر مەزاری شەهیدەکان ببێتە نمایشێکی نەتەوەیی و ڕێپێوانێکی هێمنانە وەک ڕێزلێنانێکی شایستە، ڕۆیشتن بۆسەر مەزاری قوربانیانی ئەنفال‌و کیمیاباران ئەتەکییەت و ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەبێ.

بێگومان ئەوەی کە ئێستا بەڕێوەدەچێت نەک ڕێزێکی بۆ قوربانیانی ئەنفال نەهێشتووەتەوە بەڵکو نەنگی‌و شورەییە و بوەتە دیاردەی تەراتێنی سەیارەی گران بەهاو خۆنمایشکردن کە ئەوەش جۆرە بێرێزییەکی بەرچاوە بە قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران.

## ئامانج:

بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و بنیاتنانەوەی تاکی کورد ودروستکردنی ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانی و هاوسۆزی و پابەندی ئەخلاقی لەگەڵ قوربانیەکان لەبەرئەوەی:

وەک پەرچەکردارێکی خوێن ڕشتن و کۆمەڵکوژی مرۆڤ و زیندەگی لە کوردستانی سەدەی ڕابوردوداو هێشتنەوەی لە بیرو یادەوەری کوردو ئەوانی تردا.

پابەندی ئەخلاقی و ویژدانی بە یادەکانەوە بۆ نمونە دەبینین لەماوەی ساڵێکدا دوو تاوانی گەورەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە دوو شوێنی جیاوازی کوردستان ئەنجامدراوە لە ساتەوەختی تاوانەکاندا خەڵکی شاری هەڵەبجەو گوندەکانی بالیسان و شێخ وەسان لە چ مەینەتی و لێقەومانێکدا بوون.

١. لە ١٦ی نیسانی ساڵی (١٩٨٧) کیمیابارانی بالیسان و گوندی شێخ وەسانان کراوە ولە ١٦ی ئازاری ساڵی ١٩٨٨ یشدا شاری هەڵەبجە ژەهریان دەرخوارد درا.

٢. زیندانی دوبز کە لەچاو زیندانی قەڵای نوگرەسەلمان بە باشتر باسدەکرێ، بەڵام کاتێک گوێ بیستی شایەتحاڵەکان بەگشتیو نەبات فایەق بەتایبەتی دەبین کە چۆن منداڵەکەی بەنەخۆشی بۆخەیار کروزاوەتەوەو لە سوێی (خەیار)دا تاکیک نەعلی سەوزی خستووەتە دەمی و هەتا گیانی تێداماوە بە خەیاڵی خەیارەوە لەدەمیدا جواوێتی..!!

ئیتر پێیستمان بە ئەخلاقی یادکردنەوە هەیە، زیندانی دوبز لە ماوەی (٦) مانگدا دوو ژنو ١٠٥ منداڵ تیایدا لە برسان مردوون. کاریگەرترین مردنی منداڵان چیرۆکی ناو ئەو زیندانە چیرۆکی (شارۆ)ی کچی نەبات فایەقە کە تەمەنی (٦) ساڵە.

٣. بۆ زیند و ڕاگرتنی ئەویادەوەرییە تاڵانەی کە لە سۆنگەی بەدکاری و بەکارهێنانی چەکی کیمیاییو کیمیابارانی شارو گوندو کێوەکانی کوردستاندا نەک هەر مرۆڤی کورد کوژران و بریندار بوون بەڵکو بە هەزاران مەڵو باڵندەو ئاژەڵیماڵیو کێوی کوژرانو ژینگەی کوردستان بە جەنگ و چەکی کیمیای و تەرمی زیندەوەران پیسکرا.

٤. وەک هاوسۆزییەک بۆ ژیانی سەختی ڕابوردووی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالو کیمیاباران، کە سەرباری ئازادبوونی خەڵکی کوردستانیش لە چنگ ستەمی بەعس، بەڵام تا ئەو کاتەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی)یەوە موچەیان بۆ براوەتەوە کەسوکاری ئەنفالکراوان بێبەش بوون لە خۆشیەکانی جەژن جگە لەوەی پەرۆش و چاوەڕوانی ئازیزانیان بوون، لە قورسترین هەلومەرجی ئابوریشدابوون، بۆیە توانای دابینکردنی خەرجیەکانی جەژن بەتایبەتیش کڕینی گۆشت و شیرینیان نەبووە، یان هەر بەهۆی ماتەمینی خۆیانەوە جەژنیان نەکردووە. هەتا ئێستاش کەوا چارەکە سەدەیەک بەسەر تاوانەکەدا تێدەپەڕێ زۆربەیان کە سەرپەنایەکیان بۆخۆیان پێکەوە ناوەتەوەو دوای هاوسەرگیریو ماڵپێکەوە نانەوەش ئەگەر تواناشیان هەبووبێ گۆشتیان بۆجەژن نەکڕیووەو بەشێوەیەک لە شێوەکان خۆیان لێدزیوەتەوە، هەتائەو کاتەی منداڵەکانیان گەورە بوون،

هەموو ئەم ڕاستیانەم بە هۆی سەردان و بەدوادا چونەکانمەوە چنگ کەوتوون و لە نزیکیانەوە تیبینی ئەوەم کردووە کە هەتا ئێستاش زۆریان لەبەر هەستی منداڵەکانیان نەبێ ڕۆژانی جەژن نە شیرینی دەبەخشنەوەو نە سفرە بۆ جەژن دەرازێننەوەو نە گۆشت و نەهیچ خواردنێکی خۆش دەخۆن ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە یادەوەری خۆیان لەگەڵ ئازیزانیان.

٥. بۆیە پەرچەکردارێکی جوان دەبێت ئەگەر خەڵکی کوردستان لە تەنها ڕۆژێکدا بەکردەوە ماتەمینی ڕاستەقینە ڕابگەیەنێ و قەدەغەکردنی سەربڕینی هەموو باڵندەو ئاژەڵێکیش ببێتە نیشانەی ژیاندۆستی و دەربرینی ماتەمینی و پەیامێک پیشانی مرۆڤایەتی بدات. ئەوەش ڕێزلێنانێکە لە قوربانیانی جینۆساید. کە تیایدا ئەو ڕاستیە بە بیر جیهان بهێنێتەوە کە جگە لە مرۆڤ کوشتنی (زیندەوەران)ی نیشتمانەکەی لە تاوانی ئەنفال و کیمیابارانداا پیشانی جیهانی دەرەوە بدات و بۆنەوەی داهاتوش یادەوەری کۆمەڵکوژی بەزیندوویی بهێڵێتەوە.

٦. ڕەنگە ئەمە ببێتە مایەی سەرنجی میدیای جیهانیو لە ئەنجامیشدا پشتیوانیەکی نێونەتەویی بۆناساندنی تاوانی جینۆساید لە جیهاندا پەیدا بکات و دورنیە هەنگاوێکیش بێت بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی کورد.

٧. له داهاتوودا بەدابونەریتکردنی ئەم ئاکاره (ئەخلاقیەته) بەرەبەره کۆمەڵگەی کوردستانیش بەکردەوە بباته سەر ڕێگایەک که جوانتر ژیان ببینێ و تەندروستتر مامەڵە لەتەک زیندەگی بکات، ڕەنگە چەسپاندنی وەها نەریتێکی ئاشتیخوازانه ببێته مایەی ئەوەی هیمن ترو تەندروستتر مامەڵە لەگەڵ ناکۆکی و ململانێ سیاسیەکانی خۆشیدا بکات و بێگومان ڕەگەزەکانی دڵڕەقیو توندڕەفتاریش کاڵدەکاتەوە.

٨. ئێمه دەتوانین بەم نەریته له دورمەودادا ئەم یادەوەریه بەرز بهێڵینەوە، بەلای کەمەوە ئەو سەرنجەکان کورتبکەینەوە به رادەیەک دنیابینیمان بکۆرین بەوەی که مرۆڤ هاوسۆزی لەگەڵ زیندەواران پەیدا بکات هەرگیز دەستی ناچێته خوێنی براکەی.

خوێنەری بەرێز تۆ بیهێننه پێشچاوی خۆت کاتێک ٥٠ ساڵی تر بێگانەیەک دێته هەرێمی کوردستان و لەیادی ئەنفالدا له سەرسفرەو مێزی چێشتخانەکان گۆشتی دەست ناکەوێت بیخوات ؟! بێگومان له هۆکارەکەی دەپرسێتەوەو هەستێکی تایبەتی لا دروست دەبێت سەرئەنجام خاڵیک له یادەوەریشیدا دەمێنێتەوە چونکه لەو رۆژەدا بەهەموو جیهان دەڵێین ئەمڕۆ که له کوردستان خوێن نەڕژاوه لەم رۆژەدا کوردستان گۆمی خوێن بووەو بەسەدان هەزار مرۆڤی به پێشچاوی جیهانەوە بەگاز خنکاوەو به کۆمەڵکوژراوه

**بەهاناوە هاتن:**

نایشارمەوە کاتێک ویستم ئەم بیرۆکەیە بەرەو ڕوی کۆمەڵگا بکەمەوە ترسێکم هەبوو لەوەی ڕاگەیاندنکاران بەپیرییەوە نەیەن و هەندێک کەسیش لە ئەندامانی ڕێکخراوەکان کۆسپ بخەنە بەردەمی و نەهێڵن جێکەوتە ببێت، بەڵام خۆشبەختانە هەر لەگەڵ ڕاگەیاندن و بڵاوبونەوەی بیرۆکەی چۆنێتی یادکردنەوەکان چەندین دەزگای ڕاگەیاندن و کەسایەتی و کەسوکاری ئەنفالکراوان بە پیریەوە هاتن و هەندێکیان بەدڵگەرمیەوە هاوکار بوون و لەبردنە پێشەوەی ڕۆڵی گرنگیان بینی، بەڵام ئەفسوس بۆچونەکەم دەربارەی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئەنفال و جینۆساید ڕاست دەرچوو، لەو هەموو ڕێکخراوەی لەمەیداندان کەمێکیان نەبێ ئەوانی تر بەپیریەوە نەهاتن و پشتیوانیان نەکرد، بەڵام لەوەدا سوپاس گوزارم کە دژایەتیشیان نەکرد، بۆیە بە پێویستی دەزانم بەپێی کات و شوێن ناوی هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنانە ڕێز بەندبکەم و لەم کتێبەدا سوپاسیان بکەم و هاوکاری و هاوبەشییان بۆ مێژووی ئەم بیرۆکەیە بەم شێوەیەی خوارەوە تۆماربکەم:

**ڕاگەیاندن:**

بە سوپاس و پێزانینێکی زۆرەوە ئەم کەنالانەی لە خوارەوە ناویان هاتووە بیرۆکەکەیان بە هەندگرت و بە گرنگی پێدانەوە بڵاویان کردەوەو هەندێکیشیان بەرنامەی تایبەتیان لەبارەیەوە سازکرد.

أ. رادیۆ نەوا بەرنامەی لەگەڵ روداوەکان بەرواری ٢٠١٢/٣/١٣.

ب. کەناڵەکانی تیڤی (KNN) ٢٠١٢/٤/١٤.بەرنامەی تایبەت.

ت. کەناڵی گەلی کوردستان چەندجارێک هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە.

ث. کەناڵی ئاینده تیڤی لە گەرمیان.

ج. رادیۆی مەشخەڵانی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. بەرنامەی تایبەت و چەندینجاریش هەواڵەکەیان دا بەگوێی بینەراندا.

ح. ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

خ. رادیۆدەنگی نوێ - هەڵەبجە.

د. دەزگای ناسنامە.

ذ. ماڵپەری دەنگەکان.

ر. ماڵپەری هەڵەبجە ئینفۆ.

ز. ماڵپەڕی ئاوێنە بۆتەنها جارێک بابەتێکی بەقەڵەمی خۆم لەبارەیەوە بڵاوکردووەتەوە.

هەموویان هاوکاربوون بۆئەوەی پێکەوە تیشک بخەینە سەر لایەنەکانی ئەم ئەم بیرۆکەیە.

## کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال:

دانیشتوانی گوندەکانی کلێسە، گۆپتەپە، هۆمەربل لەگەڵ بڵاوبونەوەی بیرۆکەی (سەرنەبرین) ڕایانگەیاند کە لەو ڕۆژەدا هیچ ئاژەڵ و پەلەوەرێک سەرنابرن. سوپاس بۆ هەموو لایەکیان کە بە حەماسەوە دەیان گووت ئەو رۆژە ئەگەر خۆشەویستترین میوانیشم هەبێت گۆشتی پێنادەم.

لە ساڵی دووهەمی بڵاوبونەوەی بیرۆکەکەدا ئیمام و وتارخوێنەکانی دۆڵی بالیسانیش لەوتاری ڕۆژی هەینیاندا باسیانکردوداویان لە خەڵکی دۆڵی بالیسان کرد لەو ڕۆژەدا پەلەوەر و ئاژەڵ نەکوژنەوە و لە ماڵەکانیاندا لێی نەنێن.

## کاسبکاران:

بۆ مێژوودەبێت ئەوڕاستییە بوترێت کە قەصاب و مریشک فرۆشەکانی شاری کەلارو کفری هاوسۆز بوون لەگەڵ ئەم پێشنیارو بیرۆکەیەدا کە لەو ڕۆژەدا ئامادەبوون دەستبەرداری فرۆشتن و سەربرینی پەلەوەرو ئاژەڵ بن. لە بەرواری ١٣ی نیسانی ساڵی ٢٠١٢ رایانگەیاند کە لە ٢٠١٣/٤/١٤ لەسەرجەمەم سنوری گەرمیاندا گۆشت نەفرۆشن و هیچ ئاژەڵێکیش سەرنەبڕن.

## حکومەت:

لە ساڵی سێهەمی بڵاوبونەوەی بیرۆکەکەشدا ئیدارەی گەرمیان و کۆی خاوەن چێشتخانە و کەبابخانە و خواردنگەکان پابەندی خۆیان ڕاگەیاند و لە ڕۆژی ١٤ی نیسانی ساڵی ٢٠١٣ لە سنوری ئیدارەی گەرمیان لە هیچ چێشتخانەو خواردنگەیەک وەکو هاوسۆزیەک بۆ برسی کردنی ئەو سەروەختەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و وەکو پەرچەکردارێک بۆ خوێن ڕشتن و کۆمەڵکوژی میللەتەکەیان ئاژەڵ و پەلەوەر سەرنەبڕدران و لە چێشتخانەو خواردنگەکانیدا گۆشت نەخورا.

## تاکەکەس:

ئێسستا خەڵکێکی زۆر چ لە ناو هەرێمی کوردستان یان لە دەرەوەی هەرێم بە تاک یان لە ناوخانەوادەکانی خۆیاندا لە ١٤/٤دا گۆشت ناخۆن و دەیانەوێت وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی ئەو بیرۆکەیە بچەسپێنن و لەو ڕۆژەدا هیچ زیندەوەرێک سەرنەبڕن.

## هەوڵێک بنیاتنانەوە :

**ئەفسوس هەتا ئێستا دنیابینیمان بۆ یادکردنەوەکان لە بازنەیەکی تەسک و وشکهەڵاتودا گیری خواردووە هەتا ئێستا لە بری دانانی بەردێک لەسەر بینای خۆسازدانەوە زیاتر ئارەزووی دەرهێنانی بەردێکی ترین، هێشتا یادەکان پڕن لە قسەی بێ کردەوەی بەرپرسو وەزیرەکان هێشتا خاوەنی دنیابینیەکی بنیاتنەرەوە نین من لیرەدا چەند پێشنیارێک بۆ یادکردنەوە دەخەمە بەردیدە بەهیوام جێکەی ڕەزامەندی بێتو لەداهاتودا پەسەندبکرێت.**

١. کارکردن لە بری پشوو! زۆرجار گوێ بیستی ئەوەین کە داوا دەکرێت یادی کیمیابارانی هەڵەبجەو کۆمەڵکوژی ئەنفال بکرێنە پشووی فەرمی، لە ڕاستیدا ئەم پێشنیارە بەهەمی بیرکردنەوەیەکی هەژارانەیە بۆیە تەواو مایەی هەڵوەستەو تانە لێدانە! بۆچی؟ چونکە نە وەفاداری و نە ئەرکیشی تێدایە بەرامبەر قوربانیانی تاوانی جینۆساید بەپێچەوانەوە بەکارهێنانی قوربانیەکانە بۆ خۆدزینەوە لە ئەرک و پابەندی.

بۆیە بەپێچەوانەی ئەوداوایەوە پێشنیار دەکەم ئەو ڕۆژانە گەرمو گورتر کاربکەین، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو بەلای کەمەوە لە (١٪)ی داهاتی ئەو ڕۆژەی هەر تاکێکیش ببەخشرێتە بنیاتنانەوەی وڵات،

چەندە جوانە بەشێک لەداهاتی کارکردنمان لە رۆژی یادەوەریدا بۆنمونە لە رۆژی ١٦ی ئازار کە دەکاتە یادی کیمیابارانی هەڵەبجە بەشێک لەهەقی کارکردنمان بدەینە چارەسەرکردنی بریندارانی چەکی کیمیاوی، پێکهێنانی پرۆژەی ڕۆشنبیری و فریا گوزاری و تەندروستی بۆ ئەوناوچانە بۆ ئەوەی هەموو هاوولاتیەک پشکی ڕاستەوخۆی لەو پرۆژانەدا هەبێ‌و شەرەفی بەشداری کردنی ڕاستەوخۆی بەربکەوێ‌و لەبەردەم مێژوودا شانازییان پێوە بکات.

هەقنیە چیتر وەکو سالانی ڕابوردووبین، ئایا چیتر دەتوانین وەکو سەرەتای ساڵی (١٩٩١) بین؟ ئایا دەتوانین ئێستا بە هەمان گوتار و بەهەمان نەغمە بخوێنین؟ من وای بۆدەچم نەخێربێت لەبەرئەوەی ئەرکی سەرشانمانە سنوری ریگا کۆنەکان ببەزێنین، جیاوازی بیروڕا، جیاوازی حزبایەتی‌و ئاین‌و ئایدۆلۆژیا لە ڕۆژانی یادەوەریەکاندا هەڵپەسێردرێن. ریزگرتن لە ماف‌و کەرامەتی مرۆڤ و بە جینۆساید ناساندن ببێتە خەون و ئەرکی سەرەکیمان‌و پەیامی سەرەکی یادەوەریەکانیش ببنە هەوێنی پاڕاستنی ماف و کەرامەتی هاولاتیانی هەرێمی کوردستان و حزبە دەسەلاتدارەکانیش ناچاربکات دەمامکەکانیان فڕێبدەن و ناکۆکییەکانیان بخەن ئاستێکی بالاترو ئینتمایان بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ پێ دروست بکەن.

زۆر بە سادەیی دەبینین کە ئێستا کەسوکاری شەهیدان و قوربانیان دابەشبوونە سەر ئادۆلۆژیا و بیروڕای جیاوازو چین‌و توێژی جیاوازو حزبی جیاواز، بۆیە پێویستە خەیاڵ و تێروانینمان فراوانتربێیت لەوەی هەتا ئێستا هەمان بووە بۆ یادەوەرییەکان.

هەوڵبدەین پێشبینی داهاتوو بکەین، ئەوەی شەڕی نێوان حزبەکان جیای کردووەتەوە ئەم یادەوەریانەو ڕێزگرتن لە قوربانیەکان چاکیان بکاتەوە و پێکیان بهێنێتەوە، مەبەستمە بڵێم پێویستە ئەو یادەوەریانە ببنە هەوێنی بنیاتنانەوە و ئاشتبوونەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی.

٢. یادەوەرییەکان بالاتر ببینین لەوەی ئێستا نزم کراونەتەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەت و بەرژەوەندی حزبەکان، بەپێچەوانەوە بەهای کۆمەلایەتی وەربگرن، هەروەکو چۆن خەڵکانی دڵ شکاو لە ڕۆژانی جەژنەکاندا ئاشت دەبنەوەو ملکەچ دەکەن بۆ ئاشتی و لە توندیەکانیان خاودەبنەوە و دەچنەوە لای یەکتری و داوای گەردن ئازادیی لەیەک دەکەن لە یادی هەڵەبجەو ئەنفالیشدا ئەمە ببێتە نەریت و خەڵکی تیایدا ئاشتببنەوەو داوای لێبوردن لەیەکتری بکەن.

٣. کەسانی دانسقەو بەرچاو لە قوربانیان ئەوانەی خاوەنی چیرۆکی تایبەت و دۆسێی تایبەتن لە ویادانەدا گرنگیان پێبدرێت ڕاگەیاندنەکان لە بری سیاسیەکان ئەوان بانگهێشتی سەر شاشەو

ناو ستۆدیوکانیان بکەن‌و بخرێنە بەرچاوو بەرز بکرێنەوەو ڕێزی تایبەتیان لێبگیرێت، وەکو (تاقانەکان ئەوانەی لە خانەوادەکەیان تەنها یەک کەس دەربازبوە، بۆنمونە لە هەڵەبجە نزیکەی **٢٦** کەس و لە گەرمیان نزیکەی ١٠٠ کەس و لە کۆیەو دۆڵی جافایەتی و دۆڵی بالیسان زیاتر لە ١٠ کەس هەن کە لە کۆی خانەوادەیەک تەنها یەک کەس دەربازی بووە و ئێستا لەژیاندا ماوە، بەڵام لەناو ئەوانەشدا دیسانەوە هەڵاواردان کراوەو تەنها کەسێک یان زیاتر خراوەتە بەرچاوو ئەوانەی تر فەرامۆشکراون و هیچ کات نەبووەتە ئەرکی ڕاگەیاندنکاران و بەرێوەبەرانی ئەو یادانە. گرنگیان پێبدەن سەیرە ٢٢ ساڵە کەناڵەکانی راگەیاندن دەمووچاوی قوربانیەک بکەنە سومبلی جینۆسایدکردنی میللەتێک، بەڵام دەیان دەمووچاوی هاوشێوەو خاوەنی هەمان چیرۆکی تراژیدی فەرامۆش بکەن!!

نمونەیەکی تری ئەو سیمبولانە دەربازبوانی گۆڕی بە کۆمەڵن، کە ژمارەیان ١٣ کەسەو خەڵکی کوردستان لە (تەیمور عەبدوڵا) و ئەم دواییانەش فەرەجی تۆپخانەو عوزێری لێبترازێت کەسیان ناناسێت؟! ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کەوا نەک هەر خەڵک تەنانەت ڕاگەیاندنیش بە شێوەیەکی سۆز ئامێز مامەڵەی لە تەک تاوانەکەو قوربانیەکانیدا کردووە بۆیە جگە لە (تەیمور) ئامادە نەبووە بە داوی ئەوانی تردا بگەڕێ، چەندین جار ڕاگەیاندنکاران

و تەنانەت چالاکوانانی ئەنفال و جینۆسایدیش بە زارەکی هاتوون و دانیان بەو ڕاستیەدا ناوە کە هەتا ئێستا وایانزانیوە تەنها تەیمور لە کۆمەڵکوژی ئەنفال رزگاری بووە، لە کاتێکدا دەربازبووەکانی هاوشێوەی تەیمور ١٣ کەسی تری تەمەن جیاوازن ئەگەر تەیمور هاوکاریی و هاوخەمییەکی بۆ دەربردرابێت ئەوا ئەوانەی تر لەوەش بێبەش بوون. نمونەیەکی تر حاڵەتێکی هاوشێوەی عەلی هەڵەبجەیی (زمناکۆ) یە کە دوایی نزیکەی چارەکە سەدەیەک لەگەڵ دایکی بەیەک شاد بوونەوە، یان مەلا هەورامانی هەڵەبجە کە ئەوسا منداڵێک بووە و لە ناوتەرمەکاندا بە زیندوویی ماوەتەوەو ئێستا وتار خوێنێکی شاری هەڵەبجەیە[٢].

٤. ڕێزگرتنی ڕاستەقینە لە قوربانیانی (کۆمەڵکوژی کوردانی فەیلی، کۆمەڵکوژی بارزانیەکان ئەنفال و کیمیاباران) دنیابینی حکومەت و روناکبیران و کۆی کۆمەڵگە هاوکات لە گەڵ پێدانی موچەو ئیمتیازاتەکانیان تیروانینەکان بچنە سەر بەهای مەعنەویش، چونکە ریزی ڕاستەقینە لەبەها بەمعنەویەکاندا زیاتر خۆی دەبینێتەوە.

٥. دەشێت ئەو یادانە بکەینە کارتی بە هێزو فشار لەسەر لەلایەنە سیاسیە ناکۆکەکانی گۆرەپانی کوردستان، بۆ ئەوەی نیازە شەڕانگێزیەکان لە دژی یەکتری لە گۆڕ بنرێن‌و ئیتر ململانێی

---

٢. ەبەست لە مەلاهەورامان گەچینەییە کە ئیستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی بەڵام ئەوکاتەی ئەم بیرۆکەیە بڵاوکراوەوەتەوە ئەو کەسێکی ناسراو نەبوو .

مەدەنی و کێبەرکێی سیاسی جێگەیان بگرنەوە و بەخزمەت گوزاری کێبەرکێی بکەن نەک بە رشتنی خوێنی ئەندامانی یەکتری واتە (شەڕی ناوخۆ، کوشتنی بەئەنقەست، خوێنرشتن بەهەر پاساوێک) بەفەرمی بخرێتە چوارچێوەی سوکایەتی کردن بە قوربانیانی جینۆساید و ئەمەش وەک پرۆژە یاسایەیەک لە پەرلەماندا تاوتۆێ بکرێت.

بە کورتی لەتوانادا هەیە کە ئەنفال بکرێتە کلیلی چارەسەری زۆر کێشەی سەرەکی کە وێنەی هەرێمی کوردستانی ناشرین کردووە، هەروەک دەشێت بکرێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ بەخۆدا چوونەوەو حزبەکانی کوردستان ناچاربکات کەوا لەبری ململانێی خوێناوی ملانێی مەدەنی بکەن و لە بری داگیر کردن و عەنتەریات و پاکتاوکردنی یەکتری کێبەرکێ لەسەر پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری بکەن لەربری پشت بەستن بە سەرکردە سەربازیەکان پشت بە کەسایەتی میانرەو تەکنۆکرات ببەسترێت بۆ بریاردان و ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان.

## بەها کۆمەلایەتیەکان :

یادەوەری تاوانە گەورەکان یان هەرجۆرە یادەوەرییەکی تر جا چ شکست بێت یان سەرکەوتن، دەشێت بنیاتنەری چەندین بەهای گرنگی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بن، بۆیە یادەکانی تاوانی جینۆسایدیش لە تواناکانیاندا هەیە ببینە هەوێنی کۆمەڵێک بەهای گرنگ من لێرەدا چەند خاڵێک دەخەمە بەردیدە:

١. لەبەرئەوەی یادەوەری هی هەمووومانە نەک هی دەستەبژێر..! باشتروایە کارتی داوەتکردن بۆ هیچ کەس و لایەنێک نەچێت، چونکە ئەگەر یادەوەریەکان نەتەوەیی ونیشتمانین ئەوەهی هەمووومانن، وەکو چۆن هەمووومان مافمان پێوەی هەیە، ئاواش ئەرک دەکەوێتە سەرشانمان، ئیدی خۆمان ئازادین چۆن و بە چ شێوەیەک یادی دەکەینەوە. بەڵام ئەگەر ئامادەبوون لەو یادانەدا هەڵاواردنی تێدا بێ و بانگهێشتکردن لەئارادابێت و ئامادە بوون بەکارتی داوەتکردنبوو، ئەوا هەڵاواردنێکی دزێو پەیدادەبێ، بەلای کەمەوە دڵی خەڵکانێکی تێدا دەشکی و خەڵکانێکی گومان لێکراویش بە هۆیەوە دێن و لە ریزی پێشەوە لەسەر قەنەفەی شەرەف دادەنیشن و کەسوکاری قوربانیانیش دەکەونە دوایانەوە. ئەوەش نەنگیەکی گەورە و سوکایەتیەکی ئاشکرایە کە ببینین کۆنە بەعسیەک یان گومان لێکراوێک بە کارتی داوەت بێت و لە ریزی پێشەوەی یادەکان دابنیشێ.

٢. لەبەرئەوەی هەتا ئەمڕۆ خانەوادەی قوربانیەکان لە مەینەتیدا دەژین و زۆربەی بریندارانی چەکی کیمیاوی بە دەم ئازاری برینەکانیانەوە دەتلێنەوە و دەناڵێنن، ناشێت یادەوەرییەکان ئاهەنگ ئامێز بن، سفرە رازاندنەوە و خەرجی زۆر بۆ داوەتو نانخواردن لەو یادانەدا نەنگیو شورەییەو دەبێت کۆتایی پێبێت، چونکە جگەلە بەهەدەردانی خەرجییەکی زۆر هەتا ئەمڕۆ خاڵێکی لاوازو بگرە زۆر ناشرینو دزێوی ئەو یادانەیە، بۆیە دەشێت لە بری بە هەدەردانی سامانی گشتی لەو ڕۆژانەدا لۆژیکی پێچەوانە بێینینە پێشەوە ئەو یادەوەریانە ببنە ڕۆژی کەمکردنەوەی خەرجیو داهێنانی پرۆژەی کاریگەر بۆ بنیاتنانەوەی کۆی وڵاتو بەتایبەتیش ناوچە وێرانکراوەکان.

٣. هەر کوشتنێکی بە ئەنقسەت سەرباری سزا یاساییەکەی سزای ریزنەگرتن لە قوربانیانی تاوانی جینۆسایدیشی وەک مافی گشتی (حق العام) بخرێتە سەرو ئەمەش بەیاسا ریکبخرێت.

٤. راوکردن و دارشکاندنەوە، جگەرەکێشان لە شوێنە گشتیەکان، بەیاسا رێکخراون و سزای یاساییان بۆ دیاریکراوە جێکەی خۆیەتی و کارێکی بەسود دەبێت ئەگەر پیسکردنی ژینگەشی، بخرێتە سەرو جەختیان لەسەر بکرێتەوە و بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا سزای قورستریان بۆ دابنرێ لە وەی یاسا لە ڕۆژانی ئاساییدا دایناوە. ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژانی یادەوەریەکان و ڕەفتاری تاکە لە ڕۆژانی ئاسایی.

٥. کەسانێک کە تۆمەتبارن یان گومان لێکراون بە دزی سامانی گشتیو پێشێلکاری مافی مرۆڤ، یان توندڕەفتار و ستەمکارن ڕێگە نەدرێن لەو یادانەدا قسەبکەن و ووتاربخوێننەوە.

٦. هەرکەسێک یان ڕێکخراوو گروپێک گومانی بازرگانی کردن و خراپ بەکارهێنانی ئەو دۆسیێەی لێکرا بایکۆت بکرێت و ڕێگەی پێنەدرێت کە لەو دۆسیێەدا درێژە بەکارەکانی بدات.

٧. زمانی نوسین و دەربڕین ببرێتە ئاستێکی باڵاو لە بری قسەی زبرو نالۆجیکی دەربارەی یادەکان بە زمانی گوڵ قسە بکەینو لەبری قسەی گیرفانو حازر بەدەست پشت بە توێژینەوەو دۆکۆمینتو چیرۆکی ڕاستەقینەی دەرهاویشتەی تاوانەکان ببەستین.

٨. هەرکەسێک ساختەکاری کرد دەربارەی دۆزینەوەی ونبوو بێسەرو شوێنکراونی ئەنفال و کیمیاباران، یاخود چەواشەکاری بکات و کەسێکی بە نارەوا خستە ناو لیستی قوربانیەکان و بەمەبەستی بازرگانی کردن و بەرژەوەندی تایبەتی بەکاری هێنا سزای بۆدیاریبکریت.

٩. هەرکەسێک لاسایی قوربانیەکانی کردەوەو بۆ شۆخی و بەزمی کۆڕو کۆمەڵ بەکاری هێنا یان لە ڤیدیۆ و مۆبایل و تۆڕەکانی فەیسبوک و ئەنتەرنێت بەمەبەستی گاڵتەجاری دایناو ببێتە مایەی گاڵتە پێکردن و سوکایەتی کردن بە قوربانیانی

ئەنفال و جینۆساید سزا بدرێ وەک ئەو گرتە مۆبایلەی کیسەڵەکە کە گاڵتە بە ژنە گەرمیانیەکان و شێوازی گرتن و گواستنەوەیان بۆ تۆپزاواو نوگرەسەلمان دەکات.

## ڕۆژێک بۆ نەخواردنی سێو:

بێگومان زۆربەی هەرە زۆری شایەتحاڵەکان باس لەوە دەکەن کە لە کاتی ڕشتنی چەکی کیمیاویدا بۆنی سێو بڵاوبووەتەوە، هەڵبەتە سێو میوە یەکی زۆر بەتام و نایابەو خواردنی بۆمرۆڤ بەسودە، بە گشتی بازاری وڵاتان گرنگی بەسێو دەدەن و لە بازارەکاندا جیگەی گرنگی هەیە. نەخواردنی لە ڕۆژێکدا یان زیاتر دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی دنیای دەرەوەو نە خواردنی سێو لە ڕۆژێکدا زەرەێکمان لێنادات، بەڵام دەتوانین بەهۆیەوە دوو ئامانج بپێکین:

١. وەکو جۆرە ریز لێنانێک لە قوربانیانی کیمیابارانو ئەو کەسانەی بە بۆمبارانی کیمیاوی شەهیدبوون.

٢. وەک هەواڵەکردنی نەفرەتێک بۆ ریسواکردنی ئەو زانا داهێنەرانەی بیریان لەوە کردووەتەوە بۆنی سێو تێکەڵ بە گازی کیمیاوی بکەن هەتا وەکو (تەڵە)یەک بەکاری بهێنن بۆ ڕاکێشانی نێچیری کۆمەڵکوژی.

لەبەر ئەوەی لەگەڵ ڕۆژی (سەرنەبرین)و گۆشت نەخواردن بەریەک نەکەون، وا باشترە کە ڕۆژێکی تایبەتی بۆ دابنرێت ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە (١٦)ی ئازار یان ڕۆژی بۆمبارانکردنی سێوسێنان (٢٣)ی ئازار یان (١٦)ی نیسان ڕۆژی بۆمبارانکردنی گوندی شێخ وەسان و بالیسان بکرێتە ڕۆژی قەدەغەکردنی خواردنی سێو لەسەرانسەری کوردستان، واتە لەو ڕۆژانەدا دەمانەوێت بە جیهان بڵێین ئێمە میللەتێکین بەچەکێکی کیمیایی قەدەغەکراو لێماندراو کۆمەڵکوژکراین کە چەکە ستراتیژەیەکەی سوپای عێراق‌و بەرهەمی زانایانی چەک بۆنی سێوی لێدەهات.

## ڕۆژێکیش بۆ حەرامکردنی خەیار

ڕۆژێک بۆ نەخواردنی خەیار گوزارشت لە مەینەتی‌و برسی کردنی دەیان هەزار ژن‌و منداڵ دەکات لە زیندانی دوبزو سەلامیە کە تایبەت بوون هێشتنەوە و دەستبەسەر کردنی ژنان‌و منداڵانی ئەنفالکراوی کورد لە گەرمیانەوە بۆ بادینان. بۆ ئەوەی ئەو ستەمکاریە لە مێژودا بهێڵینەوە دەشێت گوێ لە دایکەکان و ئەو مندالانە بگرین کە لەو زیندانانە دەستبەسەر بوون:

نەبات فیەق دایکی دوومنداڵ (دیارو شارۆ) یە هەردوکیان لە زیندانی دوبز لەبرسان مردن هەڵبەت مەرگی هەر کەسێک تراژیدیایەکە، بەڵام هەندێک مەرگ هەیە ئازارەکەی ڕۆدەچێتە

ناخی هەموانەوە و لەمەرگێکی ئاساییەوە دەبێتە مەرگێکی جیاواز و ئازارەکەشی بۆ کۆی گشتی جیاوازە مەرگی (شارۆ) زۆر جیاوازترە لەکۆی ئەومەرگانەی تر ئەو کە لە تاوی خەیار تاکێک نەعلی سەوزی خستە دەمیەوە ئەوە یادەوەرییەکی زۆرتاڵ بۆ نەتەوەیەک بەجێدەهێڵێت. بزانین نەبات فایەق چیمان بۆ دەگێریتەوە:

ئەو کاتەی ماڵمان لە بانگۆلی ناوچەی جەرباری بوو، لە نێوان جاش و بەعسیەکاندا راپێچ کراین بۆ چەمچەماڵ و لەوێشەوە بۆ تۆپزاواو ئینجا بۆ دوبز، لەناو زینداندا رەزالەتی زۆرمان چەشت شتی وامان بینی هەتا لە دنیادا بم لەبیرم نەچێتەوە، لە دوبز هەردوو منالّەکەم ڕەزیلکەوتن (دیار) کوڕم کە تەمەنی (٣) ساڵان بوو (٤٠) ڕۆژ بەرگەی گرت، ئیتر لەباوەشی خۆمدا ڕۆحی دەرچوو. لەو وەزعەی خۆماندا هەر چی سۆزو خۆشەویستیمان بوو دابوومانە منالّەکانمان. کەچی لە باوەشی خۆتدا بە زەیلی بمرێ. ئێستا ئەوەندە چاومان قایمە بە ئاسایی ئەگێڕینەوە. کچەکەشم تەمەنی (٦) ساڵان بوونەخۆش کەوت و جار ناجارێ (پەرکەم) ئەیگرت..ئیتر دوای مردنی (دیار) هەرچی سۆزم هەبوو دابوومە (شارۆ)ی کچم. کچێکی زۆر روح سوکو قسەخۆش بوو. دەیزانی خۆی خۆشەویست بکات. لەوسجنەدا ئەوەندەی ترخۆی لام ئازیز تر کردبوو. ئێستاش کزەی وا لەجەرگم دایە. نەخۆش کەوتبوو. ئەنوزایەوە بۆ (خەیار). ئێ ئێمە نانو ئاویان بەهەزار ڕەزالەت

پێئەداین خەیار لەکوێ بێنم..؟ جوتێ (نەعل)ی سەوزی منالاَنە لەوێ بوو ڕۆژێک پەلاماری تاکێکیدا وایزانی(خەیارە) ونایە (دەمی). کە ئەوەم بینی قاژە لە جەرگم هەستا. وەرە جەرگەکەت بەو شێوەیە ببینیو ئاگرت تێ بەرنەبێ..؟

کردمە هاتوهاوار شێت بووم لەتاوا. عەسکەرەکان هاتن هەر بۆ ئەوەی زیاتر عەزابم بدەن کردیانە پەلی (کچەکەم) دا تابیبەن. خۆم دابەسەریداو نوساندمە سنگی خۆمەوە. یەکێ لە عەسکەریەکان قۆناغە تفەنگێکی دایە ناوەڕاستی پشتم خستمی.. لەو کاتەوە توشی فەقەرات بووم ئیتر ئەو زاڵمانە کچەکەمیان بەزندویێتیو لەسەرە مەرگدا پەلکێش کردوو بردیان. نەمزانی چیان لێ کرد. ئەوەندە کاری لێکردوم ئەوە (١٤) ساڵە تا ئێستا نەخۆم و نەهیچ کەسێکی تر لەم ماڵە (خەیار)ی نەخواردووە و هەرجارێکیش کە عەرەبانەی میوە فرۆش لێرەوە ڕەت دەبێ کە (خەیار)ی پێ بێتو بانگ دەکات..بریسکە بە هەموو لەشمدا دێتو (شارۆ)م دێتەوە بەرچاو کە (تاکە نەعلە سەوزەکەی) نایە دەمی وای زانی خەیارە. یاخود کە دەچم بۆناو شار لەبازاڕ چاوم بە (خەیار) دەکەوێت لەناو سەوزەو میوەکاندا..وائەزانم لەناو سجنەکەی (دوبز)م[٣].

٣. ئەم چیرۆکەی نەبات فایەق و شارۆ بۆیەکەمجار عارف قوربانی لە کتێبی شایەتحاڵەکانی ئەنفالدا بەرگی دووهەم بلاَوی کردەوەو دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، جارێکی تر کازم ئەحمەد جەباری لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری ئەنفالستان بلاَوی کردووەتەوە و من سودم لە هەردوکیان بینیوەو بە پێویستم زانی لە نوسینەکەی هەردوو نوسەردا هەڵیگوێزم بۆ ناو ئەم کتێبە

## خۆبەکەمزانی :

لەمێژە کورد وتوویەتی: (گڵی دور دەرمانە)[٤] بەداخەوە هەتا ئێستا بەولۆژیکە ڕوانیومانە بۆیە هەوڵەکانی خۆمان بەکەم گیراوەو بەگرنگیەوە تەماشای هەمووکارێکی بێگانە کراوەو باش و خراپی بەباش بۆ حسابکراوە ئەوەی قژی زەردوچاوی شین بوبێ بە پرۆفیشناڵ تەماشاکراوەو پارەوپولێکی زۆری بۆخەرج کراوە، لە بەرامبەریشدا هەولی خۆمان بەکەم تەماشاکراوە، ئەمەش هەولێکی بەرچاوە بۆ لەجوڵەخستنی مرۆڤی کورد بەهیوام توانیبێتم تیشکێک بخەمە سەر ئەم نەخۆشیەوبتوانین لە داهاتودا ریز لە ڕەنجی خۆمان و خوێنی قوربانیەکانمانبگرین.

## دەرئەنجام :

لە ئەنجامی خستنەرووی کەموکوریەکانمانەوە دەردەکەوێ کە:

١. ریز نەگرتن لەیەکتری و لەرەنج و خەباتی مێژوی کۆن و نوێی کوردو قوربانیانی تاوانی جینۆساید بووەتە هۆی ئەوەی وێنەیەکی جوان پیشانی جیهان نەدەین هەتا ئەو ئاستەی نەمانتوانیوە سەرنجی جیهان بەشێوەیەکی شیاوبۆلای خۆمان ڕاکێشین.

---

٤. پەندێکی پیشینانە

٢. هەولەکانمان کورتیان هێناوەو درکی ئەوەمان نەبووە کە چۆن و بەکام ڕێگا ئەم تاوانە بەجیهان بناسێنین ؟ یان زانیومانەو کەم کاری و کەمتەرخەمیمان تێدا کردووە.

٣. نەمانتوانیەوە خۆمان وەکو پێویست بەعسیزم وەک سیستمێکی سیاسی و ئەنفال وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی بناسین. کە پێشتریش زۆرناوەندی نێونەتەوەیی تاوانی ئەنفالیان وەک کێشەیەکی ناوخۆیی تەماشاکردووەو نەک وەک تاوانی جینۆساید کە بەتاوانی نێونەتەوەیی ناسراوە، بۆیە هەڵوێستی نێگەتیڤیشیان لەبارەیەوە هەبووە.

٤. هەتا ئێستا کورتمان هێناوەو کەمتەرخەم بووین، لەیادەوەری ساڵانی ڕابوردوماندا یان بەتەنیشت ئەو یادانەوە لەرووی پراکتیکی و دەربرینەوە هەڵەی زەق و تەنانەت تاوانیشمان کردوە.

٥. بەهەند نەگرتنی مافە سەرەتاییەکانی، هاوڵاتی و پێشیلکاری زەقی مافی مرۆڤ لە هەریمی کوردستان. بەو هیوایەی لە ئایندەدا بەپێچەوانەوە هەنگاوهەڵگرین.

٦. بێریزی کردن بەهەستە نەتەوەیی و ئینسانیەکانی "قوربانی" شەهیدانی کیمیاباران ئەنفالکراوانکۆمەڵکوژی بارزانیەکان و فەیلیەکان و کەسوکاریان. ترسناکترینی ئەو پێشیلکاریانە شەڕی ناوخۆیە کە رەنگە بەقەد ژمارەی قوربانیانی هەڵەبجە لە شەڕی ناوخۆدا لە یەکتریان کوشتبێ.!!

# پـاشکۆ

## پابەندی ئەخلاقی ئەوانی دی

لەم کتێبەدا بەپێویستی دەزانم چەند نمونە لەشوێنی جیاواز بهێنمەوە کە وەک پابەندییەکی ئەخلاقی بەیادی قوربانیانی ئەنفالەوە هەریەکەیان بەشێوەیەک و بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەبێ تەنانەت بەبێ ئەوەی یەکتری بناسن.

ئەوانیش بریتین لەم بەرێزانەی خوارەوە:

١. مەلا رەحیمی سەرقەڵا

٢. مامۆستا هێمن عەبدوڵا خەڵکی گوندی گۆپتەپە.

٣. کامەران فاتح

٤. یارک شاکۆفسکی(Yarak، Shakofsky) پیاوێکی پۆلۆنیە.

## نەگۆشت دەخوات و نەخەیار



مەلا رەحیم کوڕی مەلا رەشیدی سەرقەڵای کفریە. پیاوێکی تێکۆشەری ناوچەی گەرمیانەو یەکێکە لە پارتیزانانی دوای ئەنفال کە لەگەرمیان مانەوەو ئامادە نەبوون چۆک بۆ سیاسەتی ملپێکەچکردن دابدەن.

پابەندیەکی ئەخلاقی گەورەی بە قوربانیانی ئەنفالەوە هەیەو چیرۆکی سەرسورهێنەری لەبارەوە دەگێڕنەوە، چەند ساڵێکە لە ڕۆژی ٤/١٤ی هەموو ساڵێکدا جگەلەوەی هیچ گۆشتێک ناخوات، سەرتاپای جەستەشی لە قوڕدەگرێ و بە خۆشویستییەوە یادی قوربانیانی ئەوتاوانە بەرز ڕادەگرێ.

ئەمانەو زۆری تری لەبارەیەوە دەگێرنەوە. لە ڕۆژانی پارتیزانیدا ڕۆژێک خۆی و هاوڕێکانی ویستبویان بە مەبەستی چا لێنان ئاگر بکەنەوە، بەڵام هەرچی گەرابوون بۆ چیلکەودار هیچیان چنگ ناکەوێ، هەتا لەنزیک گوندێک تەنها (بێشکە) یەکی شکاوەدۆزنەوە، پاشئەوەی هاورێکانی دەیهێنن بۆ ئەوەی بیسوتێن، مەلا رەحیم بە دۆزینەوەی ئەو بێشکەیە زۆر نیگەران دەبێ، پاشئەوەی فرێسکەکانی سەر رومەتی سڕی بە هێمنی بە هاورێکانی دەلێت: ئەو بێشکەیە مەستوتێنن، چا ناخۆین، چونکە

ئەوە تەنها سووتانی چەند پارچە تەختەو دارێک نی یە، بەڵکو سووتانی ڕۆحی منداڵانی ئەنفالکراوە.

کاتێک لە ژمارە ٧ی گۆڤاری ئەنفالستاندا چیرۆکی (نەبات فایەق و شارۆو نەعلە سەزەکە)[٥]ی خوێندەوە ئیدی خەیاری لە خۆی حەرامکردووە، دواتر بەهۆی چیرۆکی گریانی منداڵێکەوە کە لە نوگرە سەلمان داوای تەماتەی کردووە خواردنی تەماتەشی لەخۆی حەرامکرد. سەرباری پابەندی توندیشی بە ئاینەوە کەچی ئەم پیاوە ئیماندارە لە هیچ ڕۆژێکی ٤/١٤ نوێژ ناکات، لەبەرئەوەی لەورۆژەدا ئەنفالکراوان فریای نوێژ نەکەوتوون. هەر بەوگیانەوە مەلا رەحیمی سەرقەڵا یەکەمین کەس بوو کە پابەندی خۆی بە بیرۆکەی سەرنەبرینی ئاژەڵ و پەلەوەر راگەیاند.

---

٥. بۆئەوەی خوینەر چەواشەنەبێت .دەبێت ئەو ڕاستیە بزانن کەوا هەمان چیرۆک پێشئەوەی کازم جەباری کاری بۆبکات و لەگۆڤاری ئەنفالستان بلاوی بکاتەوە عارف قوربانی لە کتێبەکەیدا بەرگی چوارەمی شایەتحاڵەکانی ئەنفال بلاوی کردوەتەوە.

## لەگۆپتەوە هاتوو لە دێبنە بڕیاریدا.



هێمن عەبدولا محەمەد لە دایکبووی ساڵی ۱۹۸۳ی گوندی گۆپتەپەی گازبارانکراوە، ساڵانێکە سەرقاڵی کۆکردنەوەی دۆکۆمێنت و چیرۆکەکانی ناوچەکەیەتی کە بەهۆی تاوانی ئەنفالەوە لە ناوچەکەیاندا بەجێماون، ئەو گەنجە پابەندییەکی ئەخلاقی زۆری بە یادەکانی ئەنفال و کیمیابارانەوە هەیە، جێگری سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستانە، ئەو نەک هەر بۆخۆی کۆی خانەوادەکەیان لە یادی ئەنفالدا لە چواردەی چوار بڕیاریانداوە گۆشت نەخۆن و هیچ پەلەوەرێک سەرنەبڕن، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەیدا لە ڕۆژی ۲۰۱۲/۱۲/۱۳ ئامادەی بەخاکسپاردنەوەی تەرمی ۱۵۸ ئەنفالکراوی گەرمیان بوو، کە لەساڵی ۱۹۸۸ لە زنجیرە چیای حەمرین گوللەبارانکرابوون و ساڵی ۲۰۱۲ لەلایەن تیمی پزیشکی دادوەرییەوە هەڵدرابوونەوەو هێنایاننەوە بۆ گەرمیان و لە مەزاری ئەنفالکراون لە دێبنەی ناحێی ڕزگاری ئەسپەردەیان کردنەوە هەر، لەوێ هێمن بڕیاریدا بۆماوەی ۱۵۸ ڕۆژ گۆشتی هیچ باڵندەو ئاژەڵێک نەخوات و هەتا تەواوبوونی وادەکەی بەبڕیارەکەی خۆیەوە پابەند بوو.

## ڕۆژی ٤/١٤ ئازیزترین میوانم هەبێ گۆشتی نادەینێ



**کامەران فاتح حمید**

هەتا بەناو تاوانی ئەنفالدا شۆڕ نەبیتەوە نازانیت چەندە چیرۆکی سەرسورهێنەری ستەمکاری تێدایە.

تەنیا کەوتنی کامەران فاتح حمید یەکێکە لەچیرۆکەکانی ئەنفال لە خانەوادەیەکی نۆ (٩) نەفەری خەڵکی گوندی بەلگەی ناوچەی داوێ تەنیا کورێکی دەربازبووە، لەئەنفالی سێی گەرمیاندا هەشت کەسی خێزانەکەیان بەرپەلاماری جەیش و جاش کەوتن و ئیتر جارێکی تر نەبینرانەوە.

کامەرانیش وەکو زۆربەی ئەو تەنیا کەوتووانەی ئەنفال ماوەی ١٦ ساڵ تا ڕوخانی بەعسی لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی دایک و باوک و خوشک و براکانیدا ئازاری چەشتووە، خانەوادە ئەنفالکراوەکەیان بریتی بوون لە (دایکی و باوکی و سێ براو سێ خوشکی).

کامەران ساڵیک هەموو ساڵێک بە برێک پارە کۆمەکی دەرچوونی ساڵنامەی ئەنفالستان دەکات و بە گەرموو گوڕییەوە بەپیر پێشنیاری (سەرنەبرین)ەوە هات کە بۆ ڕێزگرتن و هاوسۆزی یادی قوربانیانی ئەنفال خرایە روو، کە تیایدا هاتووە لەو ڕۆژەدا

هیچ زیندەوەرێک سەر نەبڕدرێت و لەو ڕۆژەدا گۆشت نەخورێت.

لەبارەیەوە دەڵێت: بۆخۆم یەکێکم لەوانەی هیچ ڕۆژێکی ٤/١٤ گۆشتم نەخواردووەو لەمەودواش هەر نایخۆم و بەهیوام ئەوە ببێتە داب و نەریتێکی کوردەواری چونکە ئەو ڕۆژە مامەتەمینی ئێمەیە.


کامەران چیرۆکی نەنکی دەگێڕێتەوە و دەڵێت دادام (خانم یوسف محمد)[٦] کە لە نوگرەسەلمان گەڕاوەیەوە، ئەویش تەنیا بوو چونکە کەسی نەمابوو ئیتر من و دادام هەر پێکەوە دەژیاین و ڕۆژگارێکی قورسمان بەرێکرد، بەڵام هەتا مرد نە میوەو نە برنج و نە هیچ جۆرە گۆشتێک نەچووە سەردەمی، تەنانەت هیچ خواردنێکی خۆشی تام نەکرد، ئەوە هاوسۆزییەکبوو بۆ منداڵەکانی، چونکە لە زیندان داوای برنج و گۆشت و میوەیان کردبوو دەستیان نەکەوتووە. ئیتر دادام بەو خەفەتەوە مرد.

---

٦. خانم یوسف محمد دایکی باوکی کامەرانە بۆ زانیاری خوێنەر لەگەرمیان بەنەنک دەڵێن دادا.

# پیاوێکی پۆڵۆنی لە یادی ئەنفالدا گۆشتی نەخوارد

**یارک شاکۆفسکی-** Yarak، Shakofsky



گۆڤاری ئەنفالستان لە ژمارە (٩) ساڵی ٢٠١٢ یدا هەستی پیاوێکی پۆڵۆنی بلاوکردەوە ڕێزان ساڵحی شانۆکاری کورد کە ئێستا لە وڵاتی نەرویج دەژی نوسیۆیتی: کاتێک لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دابەزی (یارک شاکۆفسکی) هیچی دەربارەی کوردو دابونەریتەکانی نەدەزانی، ئەوەی دەربارەی کورد بیستبووی تەنها تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال بوو، ئەو ڕۆژی ١٤ی نیسان گەیشتە ئاسمانی کوردستان و لە سلێمانی لە فرۆکە هاتە خوارەوە، کە پێشوازیم لێکرد ئەو زۆرماندوو بوو، بۆیە ڕاستەوخۆ بەرەو هۆتێل یاقود بەرێکەوتین پاش کەمێک پشوو چوینە چێشتخانە و بە تاسوقەوە ڕێبەری خواردنەکانی لەسەر مێزەکەی هەڵگرتوو چاوی پێداگێڕا بۆ ئەوەی خواردنێکی خۆش هەڵبژێرێ و داوای بکات!! بەڵام کە باسی ئەوەم بۆ کرد کە ئەمڕۆ ١٤ی نیسان یادی گەورە تاوانی ئەنفالە، پێمگوت: ئەمڕۆ خەڵکیک هەن هیچ زیندەوەرێک سەرنابڕن و لە چێشتخانەش گۆشت ناخۆن ئیتر یارک شاکۆفسکی (Yarak Shakofsky) کارتی ڕێبەری خواردەمەنیەکانی خستەلاوەو بە سفرە چیەکەی ووت:

(خواردنێکم دەوێ گۆشتی تێدا نەبی لەبەرئەوەی دەمەوێ منیش وەکو ئێوە ئەمڕۆ گۆشت نەخۆم) ئەو وای بۆچووبوو، شاگردە کوردەکە سەری سوپاسی بۆ بلەقێنێ کەچی بەداخەوە کوردی بە ئەنفال سوتاو تەقەی سەری دەهات سەری سوڕما بوو لەوەی ئەم بێگانەیە بۆچی لەیادی ئەنفالدا گۆشت ناخوات..؟!

بەسەر سوڕمانەوە ووتی:

- بۆ وەک ئێمە؟! خۆ ئێمە گۆشت دەخۆین؟

- پیاوە پۆڵۆنیەکە: تەنانەت لە یادی ئەنفالیش گۆشت دەخۆن؟!

- شاگردی تاین: ئاخر بۆ گۆشت نەخۆین ئەوە چ پەیوەندی بە ئەنفالەوە هەیە؟

تێبینی: گرنگی بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکانە و نوسینەکەی ڕێزان صالح و عارف قوربانی دەربارەی یارک شاکۆفسکی و نەبات فایەق لەوەدایە کە دەشێت خاوەن چێشتخانەو کارمەندو شاگردەکانیش هاوکارمان بن بۆ تێگەیاندنی گەشتیارە بیانیەکان، نەک بەپێچەوانەوە گەشتیارەکان هاوسۆزمان بن و بۆخۆشمان بێ ئاگابین لە سۆزی ئەوان و ڕابوردووی خۆمان بە هیوام هەموومان لەیادی ئەنفال و تاوانە نێودەوڵەتیەکان بە بەهای زۆرەوە بروانینە نەک هەر ئەو مرۆڤانەی بەناهەق گیانیان کێشان و مافی ژیانیان لێ زەوتکرا. بەڵکو بە ڕێزەوە لەمەرگی هەموو زیندەوەرێک رابمێنین لەسەروەختی جینۆسایدکردنماندا.

## دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال
## بڕیاریاندا لە یادی ئەنفال گۆشت نەخۆن



لەدرێژەی ئەو ئەو پێشنیارەدا کە بۆ ڕێزگرتن لە یادەوەری کۆمەڵکوژی ئەنفالدا کراوە بۆ (ڕۆژی سەرنەبرین) دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال کە تەنها ١٠ کەسن‌و ئێستا ٦ کەسیان لەولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو ٤ کەسیشیان لەهەرێمی کوردستان دەژین، لە پەیامێکدا بە ساڵنامەی ئەنفالستانیان ڕاگەیاند کە لە یادی ئەنفالدا گۆشتی هیچ پەلەوەرو ئاژەلێک نەخۆن. لە ناویاندا عەبدولقهار خەلیل کە دەربازبووی کۆمەڵکوژی گوندی کورێمی پارێزگای دهۆکە بە گۆڤاری ئەنفالستانی ڕاگەیاند لەیادی ئەنفالدا ئەگەر بابم لە قەبران بێتەوە گۆشتی بۆلێنانێم.

هەروەها هەریەک لە فەرەج محەمەدو عوزێرو واحید لە ولاتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە رایانگەیاندووە کە لەورۆژەدا لەیادی کۆمەڵکوژی ئەنفالدا ئیمەش پابەندین بەو پێشنیارەوە، چونکە خۆمان بەچاوی خۆمان بینیمان کە چۆن کورد قەتڵو عام دەکرێو ئیمەش تەنها خوا رزگاری کردین.

گۆڤاری ئەنفالستان

anfalistan magazine

٨ / ٤ / ٢٠١١ ژمارە: (٢)

گۆڤاری ئەنفالستان لە وادەی نزیکبوونەوەی یادی تاوانی ئەنفالدا لە ڕۆژی ٨ی مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١١ ئەم بانگەوازەی خوارەوەی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.

**با یادەوەری ئەنفال**

**بکەینە ڕۆژی ناتوندو تیژی و سەرنەبرین**

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان**

**کەسوکاری شەهیدان و کیمیاباران و ئەنفالکراوان.**

وا لەیادەوەری کۆمەڵکوژی تاوانی ئەنفال نزیک دەبینەوە، یادەوەری کۆمەڵکوژییەک کەلەجیهاندا بە تاوانی " سەدە" ناسراوە، باهەمومان لەو ڕۆژەدا پابەندییەکی ئەخلاقی و ئینسانی بۆ ژیان و بەهای قوربانیەکانمان ڕابگەیەنین، ئەمساڵ یادێک بکەینەوە جیاوازبێت لەساڵانی رابووردو یادێک هەم خۆمان لەناخ و ویژدانمانەوە پێوەی پابەندبین و هەم سەرنجی جیهانیشی بۆ ڕاکێشین، بەو هیوایەی دەرگایەکی تر بۆ بەفەرمی ناساندنی ئەو تاوانانە بکەینەوە.

بێگومان ڕۆژانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان، هەر مەینەتی وماڵوێرانی و گوند روخاندن نەبوو، بەڵکو ئەو ڕۆژانە بریاری کۆمەڵکوژی هەر زیندەوەرێک بوو کەلە گوندەکان و چیاودۆڵەکانی کوردستان دەژیان و هەناسەیان دەدا، ئەو ڕۆژانەی گوندنشینەکانی کوردستان و شاری هەڵەبجەو شارەدێکانی بادینان و بالیسان و قەرەداغ و سێوسێنان و گۆپتەپەو عەسکەر کەوتنە بەرپەلاماری ئەنفال و چەکی قەدەغەکراو، هەزاران مرۆڤ و هەزاران هەزار ئاژەڵ و مەل و باڵندەی پێکەوە خنکاند.

ئەگەر ئەنفال بووبێتە تاوانی (سەدە) ئەوا ئێمەی کورد لەتوانامانداﯾە و ئەرکی سەرشانیشمانە لەسۆنگەیەوە ببینە نمونەی ئاشتیخوازی ناوچەکەو سەرنجی جیهانیش بەلای خۆمان ڕاکێشین، ٢٣ ساڵە کەدەست و پەنجەو چاوی ئازیزانمان لە بیابانەکانی عێراق تێکەڵ بەلم بوون، هەقواییە ئیتر بیرلەوە بکەینەوە چیتر دەست و پەنجەی یەکترنەشکێنین. کەواتە ئەمڕۆ هەنگاو بنێین بۆ ناتوندوتیژی باشترە لەسبەی.

بەئومێدەوە لەئایندەدەروانین و بەهیواین یادەوەری کۆمەڵکوژی ئەنفال و کیمیاباران بکەینە ڕۆژی ناتوندوتیژی هەمووومان پێکەوە لەو ڕۆژەدا پابەندبین بەپەیامێکی بەرزی ئینسانی و کۆمەڵایەتیەوە نەک یەکتری نەکوژین، بەڵکو هیچ زیندەوەرێک سەر نەبرین، چ لەناو ماڵەکانماندا و چ لەچێشتخانەکاندا گۆشتخواردن لەخۆمان

قەدەغە بکەین و هەنگاو بەرەو ژیاندۆستی و ڕێزگرتن لە قوربانی بنێین.

با لەیادی ئەنفالدا هەموومان پێکەوە بڵێین
نا بۆ جەنگ و توندوتیژی
بەڵی بۆ ژیان و لێبوردەیی و ژیاندۆستی.

سالّنامەی ئەنفالستان
٨ی نیسانی ٢٠١١

# هەڵوێست و پشتیوانی
# ڕێکخراوەکانی تایبەت
# بەبواری ئەنفال و جینۆساید
# بۆ ئەم بیرۆکەیە

بەداخەوە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە جینۆساید ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لەپێشخستنی ئەم بیرۆکەیەدا نەبینی، بۆیە دەڵێم بەداخەوە چونکە کەمینەیەکیانی لێبەدەر دەنا زۆربەی ئەندامان و بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێکخراوانە سەرباری ئەوەی بۆ پرسی تاوانی ئەنفال و جینۆساید کار دەکەن لەڕوی خۆم و بە زارەکی دەستخۆشیان لێکردمو پشتیوانیان بۆ دەربری و بەرێزەوە ڕایاندەگەیاند کە بیرۆکەکەیان زۆر بەلاوە پەسەند بووە، وەلێ ئەفسوس لەپراکتیکدا هیچ هەنگاوێکی بەکردەوەیان دیار نەبوو .

بەپێویستی دەزانم وەک وەفاداریەک بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە بەکردەوە پشتیوانیان کردم و بەیاننامەیان بڵاوکردەوە من لێرەدا سەرنج و بیروڕاکانیان لە دووتوێی ئەم کتێبەدا بڵاوبکەمەوە، بەداخەوە کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە وێڕای ئەوەی پەیوەندیم بەچەند بەرێزێکیانەوە کردو نامەی تایبەتیشم نارد بۆ لاپەڕەکەیان، بۆم نوسیبون کە بەیاننامەکەیانم بۆ بنێرن بەمەبەستی دۆکۆمینتکردنو بڵاوکردنەوەی، بەڵام بەداخەوە بەهەر هۆیەکەوە بووبێ هیچ وەڵامێکیان نەدامەوە.

ئەوەی لەخوارەوە دەیخوێنیتەوە بەیاننامەی ئەو ڕێکخراوانەیە بۆ پشتیوانی بیرۆکەکە ئەوانیش بریتی بوون لە:

١. ناوەندی چاک (ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردنو جینۆسایدکردنی گەلی کورد – چاک.

٢. پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید – لەوڵاتی کەنەدا.

٣. ڕێکخراوی سپی بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان. کە لە ڕاپرسیەکی هاوبەشدا لەگەڵ ڕادیۆ دەنگی نوێ بیرۆکەکەیان خستبووە بەردەم بەشداران .

## له یادەوەری تاوانی ئەنفالدا بەڵێ بۆ سەرنەبرین

بۆ یادکردنەوەی تاوانی کۆمەڵکوژی گۆڤاری ئەنفالستان ئەمسال، پێشنیارێکی پرمانای خستە بەردەممان، کە پێویستی بەپشتیوانی و تێرامانە، کاتێک لەوخاڵانە رابمێنین بە ئاسانی ڕەگەزەکانی ژیاندۆستیو ڕەتکردنەوەی ستەمکاری ببینین. لەیادی کۆمەڵکوژی ئەنفالو کیمیابارانی هەلەبجەدا رۆژێک بۆ سەرنەبرین .بۆرێزگرتن لە ژیانو ناتوندوتیژی، بە هیواین هەموو پێوەی پابەندبن و لەو رۆژەدا دەستبەرداری ئەو نائومێدیانە بن کە ساڵانێکە یەخەی گرتوون، هەڵبەت ئەوەی ساتێک چێژی لە ژیاندۆستی بینیبێت، هەرگیز دەستبەرداری نابێت. ئەگەر گەلی کوردستان تەنیا رۆژێک بۆ یادکردنەوەی ڕاستەقینە دابنێ هەموو رۆژەکانی دەکاتە یادکردنەوەی شەهیدان وئەنفالکراوان. ئەگەرچی ئێمە ئەنفالستان بەبەشێک لەخۆمان دەزانین بەڵام پێمانوایە بۆیادی ئەنفال پێشنیارێکی پر واتاو سومبلی خستووەتە بەردەممان، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی جیاوازتر لە ساڵانی ڕابوردوو یاد بکەینەوە، ئەوەش بە تەنها حەرامکردنی ژەمێک خواردن نیە، بەڵکو پەیامێکی تری ئاشتیە بۆ جیهانو هەنگاوێکی گرنگیشە بۆپشتیوانی نیودەولەتی لەلایەک ومتمانەی ناوخۆیش لەلایەکی ترەوە بەرهەمدەهێنێ . رۆژێک وەستان لە سەرنەبرین و گۆشت نەخواردن..!! بۆ ئەوەیە هەموو جیهان بزانێت کە ئەم تاوانە چەندە

به قوڵی ڕۆچووەتە ڕۆح و جەستەی میللەتەکەمانەوە چەندە لەویژدانی کوردا کاریگەرە. لەوەش گرنگتر ئەو پەرچەکردارەیە، کە ئەنفالستان پێشنیاری کردووە

ئێمە پشتیوانی لە وەها پێشنیارێک دەکەین ودەڵێین بەڵی بۆسەر نەبرینو توندوتیژی بە هیوای ئەوەی هەنگاوبنێین بەرە وکۆمەڵگەیەکی ناتوندوتیژ، چونکە ئەوە باشترین پەرچەکرداری توندوتیژی وکۆمەڵکوژییە دەرهەق بەگەلی کوردستان. ڕۆژێک بۆسەرنەبرین، ڕۆژێک بۆ خوێن نەرشتن، واتا ڕێزلێنانێکی سایکۆلۆژی لەو مرۆڤە بێتاوانانەی کە لە پرۆسەی ئەنفالدا بەبێ هیچ تاوانێک کۆمەلکوژکرانو لە زیندانەکانی خوارووی عێراق برسیو تینووکران،بێگومان ئەو پێشنیارە هەر ڕێزی بۆ مرۆڤەکان دانەناوە بەڵکو بۆ هەموو ڕۆح لەبەرەکانە چونکە لە کاتی پەلاماری ئەنفالو کیمیاباراندا هەزاران ئاژەڵو پەلەوەرو باڵندەی کێوی تەنانەت ماسیەکانی سەر زێی گۆپتەپەش بە بۆمبی کیمیاوی کوژران، تاوانیشان هەر ئەوە بوو کە لەکوردستان دەژیان.

ئێمە لە ناوەندی چاک، هەوڵ ئەدەین ئەم پرۆژەیە سەربخەین و پشتیوانی لێدەکەین، تێدەکۆشین پێشنیارەکە بکەین بە پرۆژەیەکی دیاروپێشکەشی بکەین بە زۆرێک لە ناوەندە سیاسی و یاسایەکانی ئەوروپا، لەوانە کۆمۆسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە جنیفو ڕێکخراوەکانی مافی گیاندارانو ژینگە. هەر ئێستا هونەرمەندێکی ناسراوی شێوەکار لە هەوڵی ئەوەدایە لە میانەی

تابلۆیەکی تایبەتدا ئەو هەنگاوە بخاتە بۆتەیەکی هونەری و بەرجەستەی بکات.

دووبار بەناوی ناوەندی چاکەوە پشتیوانی خۆمان بۆ ئەوپێشنیارەو هەر پێشنیارێکی هاوشێوەو باشتر دەردەبڕین و هیواداریین هەموو ڕێکخراوە مەدەنیەکانی کۆمەڵگای کوردی پشتیویانی لێبکەن.

سەرکەوتنی ئەم پێشنیارە و پراکتیزەکردنی لە هەنگاوی بە فەرمی ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورددا بێ سود نابێ داوا کارین هەمووان بەگشتیو کەسوکاری ئەنفالکراوان بەتایبەتی پشتیوانی بنو لەو ڕۆژەدا هیچ سەرنەبرنو خوێن نەرێژن .

**ناوەندی هەڵەبجە**

**دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک.**

www.chak.inof chak.org@gmail.com

## نا بۆ ئاژەڵ سەربرین و گۆشت خواردن لە ٤/١٤ دا

گۆڤاری ئەنفالستان لە مانگی (مارسی ٢٠١١) دا، لە ژێر سەردێری با یادی ئەنفال بکەینە ڕۆژی سەرنەبرین، ڕۆژی گۆشت نەخواردن. بانگەوازێکی بڵاوکردەوە، تیایدا چەند پێشنیارێکی خستۆتە بەردەم تابە کردەوەو وەک سونەتێکی کۆمەڵایەتی ڕۆژێک بۆناتوندو تیژی و بەرزڕاگرتنی یادی قوربانێکانمان دابنێین.

ئێمە وەک پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید لەولاتی کەنەدا پشتیوانی خۆمان لە ناوەرۆکی ئەو بانگەوازە دەکەین، کەراوەستانە لەسەرکردەی ناتووندوتیژی وبنیاتنانی کۆمەڵگە بەئاسۆیەکی ژیان دۆستانەوە.

وەهەرلێرەشەوە بانگەوازی کوردی وڵاتی کەنەدا دەکەین کە پەیوەستبن بەم پێشنیارەوەو لە یادی ئەنفالدا خۆمان دووربگرین لە هەر جۆرە توندوتیژیەک، وەک نارەزایی دەربرنێک لە دژی جینۆسایدکردنی گەلان گۆشت خواردن بایکۆت بکەین.

بەڕێز بێت یادی قوربانیانی هەڵەبجەو ئەنفال


کۆتایی بێت تووندوتیژی بە هەموو شێوەکانیەوە.

**پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید**

**تۆرۆنتۆ – کەنەدا**

**٢٠١١/٤/١١**

# سەرنەبڕین لە ڕاپرسییەکدا




لە ڕاپرسیەکی هاوبەشی ڕادیۆ دەنگ و ڕێکخراوی سپی بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکاندا کە لە هەڵەبجە ئەنجامدرا (٢٠٧) کەس دەنگ بەو بیرۆکەیە دەدەن، کە بەم شێوەیەی خوارەوە جێگەی بۆکراوەتەوە

١٠٧٩بەشداربوو دەڵێن پێویستە لیژنەیەک دروستبکرێت بۆ بەدواداچوونی ئەو بەڵێنانەی کە لە یادەکاندا دەدرێن. هەروەها ٢٠٧ هاوڵاتیش دەڵێت سەربڕینی ئاژەڵ بە هەموو شێوەیەک قەدەغە بکرێت و ٦٦ بەشداربووش دەڵێن تەنها بەوتار یادەکە بکرێتەوە.

## کۆتایی:

خوێنەری بەریز تۆش وەک تاکێکی وەفادار دەتوانیت ئەگەر پێشنیاری ئەم بیرۆکەیەت بەلاوە پەسەندبێت و لەلای خۆتەوە پەیرەویان لێبکەیت، یان رەتی بکەیتەوە بەڵام لەهەردو حاڵەتەکەدا گرنگە راوسەرنج و پێشنیاری جوانترو گرنگتر بۆ دەوڵەمەندکردنی زیاد بکەیت، بۆئەوەی بە هەموو لایەکمان وەک پرۆژە یاسایەک دوای تەتەڵەکردن و لە بێژینگ دان و جیاکردنەوەی لایەنە باشەکانی پێشەکەش بە پەرلەمانی کوردستانی بکەین. بە هیوام هاوکار بیت هەم لە جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارەو هەم بە دەوڵەمەندکردنی، جا چ بەڕەخنەو سەرنجەکانت بن یان بە ڕەتکردنەوەو خستنەسەری زانیارییەکانت.

ئەرکێکی ئەخلاقی و سیاسی ئێمەیە لە دوای تاوانی ئەنفال و کۆمەڵکوژیەکان بەوردی بەخۆماندا بچینەوەو هەوڵبدەین کۆمەڵگایەکی نوێ بە بیرو ڕەفتاری پەسەندەوە بنیاتبنێین. ئەمەش هەم بۆ ریزگرتن لە قوربانیەکانمان و هەم دابینکردنی ماف و ئازادی تەواو بۆ زیندووەکان. هەم کاربکەین بۆ ئابڕوی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆمان، بۆئەوەی رۆحی قوربانیەکانیشمان ئاسودە بکەین، نەک بەهۆی بەدڕەفتاری و دڵڕەقی ئێمەوە ئازاریانبدەین و خۆشمان وەک میللەتێکی دواکەوتوو بمێنینەوە.

## سوپاس و پێزانین

• سوپاس بۆئیدارەی گەرمیان کە لە ١٤ی نیسانی ساڵی ٢٠١٣ لە یادی ئەنفالدا داوایان لە یەکە کارگێریەکانی سنورەکەو چێشتخانەو کەبابخانەو قەصاب و مریشک فرۆشەکان کرد لەو ڕۆژەدا پابەندبن بەو بیرۆکەیەوە بەهۆیەوە لە سەرجەمی سنوری گەرمیان گۆشت نەفرۆشراو نەخورا.

• ناوەندی هەڵەبجە دژبەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (ناوەندی چاک)

• ڕێکخراوی پەیوەندی کوردی دژبە جینۆساید.

• کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە.

• رادیۆ نەوا بەگشتی و بەرنامەی لەگەڵ ڕوداوەکان بەتایبەتی.

• کە ناڵەکانی تیڤی (KNN)

• کەناڵی گەلی کوردستان.

• کەناڵی ئاینده تیڤی لەگەرمیان.

• رادیۆ مەشخەڵان لەگەرمیان.

• رادیۆ دەنگی نوێ لەهەڵەبجەی شەهیدان.

• ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

• ماڵپەرەکان: دەنگەکان، ناسنامە، هەڵەبجە ئینفۆ، ئاوێنە.

• قەصاب و مریشک فرۆشەکانی شاری کەلارو کفری و ناحیەی رزگاری.

• دانیشتوانی گوندەکانی کلێسە، گۆپتەپە، هۆمەربل.کە دوای بڵاوبونەوەی بیرۆکەی سەرنەبرین پێوەی پابەند بوون و رایانگەیاند کە لەو ڕۆژەدا هیچ ئاژەڵ و پەلەوەرێک سەرنابرن.
• سوپاس بۆ ئیمام و وتارخوێنەکانی دۆڵی بالیسان کە لەوتاری ڕۆژی هەینیاندا باسیانکردو داویان لەخەڵکی کرد لەو ڕۆژەدا پەلەوەروئاژەڵ نەکوژنەوەو لەماڵەکانیاندا لێی نەنێن
• سوپاس بۆ هاوڕێی خۆشەویستم خاتوو عەدالەت عومەر.
• سوپاس بۆ هەموو ئەو بەریزانەی کە لە ۴/۱۴ گۆشت ناخۆن وهیچ پەلەوەروئاژەلێک سەرنابرن و دەیانەوێت وەک نەریتێکی کۆمەلایەتی بیچەسپێنن.

**سوپاسی تایبەت:**

سوپاس بۆ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کە لەووتارەکەیدا ڕۆژی ١٤ی نیسانی ٢٠١٣ لە یادی قوربانیانی ئەنفالدا گرنگی بەبیرۆکەکەدا.

ستاف و هاوکارانی ساڵنامەی ئەنفالستان کە جگەلەوەی خۆیان پێوەی پابەندبوون هەوڵی زۆرییشیاندا تیشک بخەنە سەر ئەم بیرۆکەیە.



## پرۆفایـــــــل

• عومەرمحمەد قادر

• ساڵی ١٩٦٨ لەدایکبووە.

• پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆ.

• بەرێوەبەری ناوەندی چاک بووە لەکوردستان.

• خاوەنی بڵاوکراوەی سپێدەبووە.

• خاوەن و سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستانە- کە تایبەتە بەتاوانی ئەنفال و جینۆساید.

• شەرەفی ئەندامی فەخری لە رێکخراوە و کۆمەڵەکانی ئەنفال و کیمیاباران پێبخشراوە.

• بۆردی رێکخراوی سپی یە بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان

• راوێژکاری هەردوو فیلمی من بەکرێگیراوی سپی و هەزارو یەک سێوە لەدەرهێنانی هونەرمەندی کۆچکردوو تەهای کەریمی.

• خۆبەحشانە سەرپەرشتی چەندین پرۆژەی فریاگوزاری خێرا و هوشیاری بۆ قوربانیان لەگوندە کیمیابارانکراوەکان و ئەنفالکراوەکان کردووە.

• بەردەوام لەرۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەرەکان دەربارەی تاوانی جینۆساید دەنوسێ.

• سێ کتێبی چاپکراوی هەیە دەربارەی ئەنفال.